# تورکیا ـ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

نووسینی : کەریم دانیشیار

> **دوو ساڵ دەستی یەکێتیی گەلم بدەنێ، من بە دوو مانگان سەرکەوتنتان بۆ مەیسەر دەکەم.**
>
> **مەهاتما گاندی**

**هاوارێک !**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆتە پیرەپیاوێکی بە سەد جێگا پێکاو. ڕۆژ نییە لەشی ئەو پیرەپیاوە زامێکی تر وەرنەگرێت. زامی لەشی خەڵکی ئێران، عێراق، فلستین، ئەفگانستان، پاکستان، تورکیا و گەلێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیازمەندی دەرمانە، بەڵام دەرمانی زامی گەلانی ئەم هەرێمە و هەموو ڕەنجبەرانی سەرزەوی لە هەگبەی دەرمانفرۆشێک دایە کە ڕمبی تیژی دەستی ڕاستی ئەو دێوەزمە خوێنخۆرە بەردەوام فێرە زامە و، لە تەنیشت کۆنە زامان خەریکی ئاواکردنی زامی نوێیە.



لە نێو جەرگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەتەوەیەک هەیە ناوی کوردە؛ کورد مافی کەسی پێشێل نەکردووە، پێدرێژی بۆ ناو ماڵی کەس ناکات، بیری خاپورکردنی ماڵ و حاڵی کەسی لە کەللە دا نییە، ژەنگی دوژمنایەتیی هیچ کەسێکی خانەنشینی مێشکی خۆ نەکردووە، بە پێی پێوەرەکانی زانستی کۆمەڵناسیی سیاسی، کوردی هەژار نە ڕەگەز پەرستە و نە بەرچاوتەنگ، نە فاشیستە و نە ترۆریست، نە دەمارگرژە و نە پان کوردیست، نە لادەرە و نە تێکدەر؛ هەر تەنێ بە ئاواتەوەیە دەگەڵ دراوسێیانی بە برایەتی بژی، بە شەرتێک وەک هاووڵاتییەکی ئێرانی، عێراقی، تورکیایی و سوریی بناسرێت و مافی سیاسی، کۆلتۆری و کۆمەڵایەتییەکەی پێشێل نەکرێت. بەڵام چونکە حاکمانی ئەو وڵاتانەی کە گەلی کوردیان تێدا دەژی، لەمێژ ساڵە دەگەڵ دێوەزمەی کوشندەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سازاون، هەتا زامی لەشی نیشتەجێیانی ئەم ڕۆژهەڵاتە ماڵ شێواوە خوێنی گەرمتری لێ بچۆڕێتەوە، دێوەزمە و بێچوولەکانی سەرخۆشتر و سەرکێش تر دەبن. جێی داخە کە گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێبەستە و قۆڵبەستەی هەر ئەو دێوەزمەیەن، چونکە بە دەستی ئەو دێوەزمەیە کوێر کراون و دوژمن ناناسن؛ لە جیاتی دوژمن کوتانمان، خەریکی خۆ کوتانین. خۆ گوژی و خۆ کۆتانمان لێ بۆتە کولتورێکی پیرۆز و دەسبەرداری نابین.

**تورکیای دوێنی ـ تورکیای ئیمڕۆ**

ساڵی ١٣٠٠ زایینی، لە تورکیا دا ئیمپراتورییەتی عوسمانی دامەزرا و ماوەی ٧٠٠ ساڵی بێ پسانەوە، باڵی زاڵی بەسەر بەشێک لە دوو بەشی جیهانی سەردەمی خۆی دا کێشا. ئەو ئیمپراتوریایە لە کێبەرکێی جیهانی ئەو سەردەمدا، تەنیا چاوسووری وڵاتانی ئیسلامی بوو کە شاخی لە شاخی ئیمپراتورییەکانی ڕووس و ئەورووپی دەدا. بەڵام دەگەڵ تێپەڕینی زەمان و، بەئاگاهاتنەوەی خەڵک، ساڵی ١٨٤٤ زایینی واتە لە دەمی پاشایەتیی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا بیری ڕزگاری و ڕەهابوون

لەچنگ ستەمی پاشاکانی عوسمانی، بەرەی ڕوناکبیری لە سەراسەری تورکیا و داگرتەکانی دا هەژاند. بەڵام ئەم هەژانە نەکەوتە سەر سفرەی شۆڕشی خەڵک بەمەبەستی ڕووخاندنی دەزگای دەسەڵات، بەڵکە هەر لە ناو هێزی نیزامی عوسمانیدا، سەرلەشکەر ئەحمەد نیازی، سەرۆکی سوپای سێیەم کە لە داگرتەی مەکەدونیا دا سەرگەرمی خزمەت بە ئیمپراتوریای عوسمانی بوو، ساڵی ۱۹۰۸ دژ بە خانەدانی عوسمانی کۆدیتایەکی سەربازی وەڕێ خست. ئەم کۆدیتایە حکومەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی نەڕووخاند، بەڵام هەندە ویستێکی دێموکراتیکی کەمدەوامی لێکەوتەوە. چی پێ نەچوو شەری یەکەمی جیهانی هەڵاییسا و گوللەی ئاخرینی لە تۆماری تەمەنی۷۰۰ ساڵەی دەسەڵاتی عوسمانی وەشاند. هەر لەو سەردەمە دا کار و باری وڵات بە دەست چەند ئەفسەرێکی پایەبەرزی ئەرتەش بەڕێوە دەچوو. مستەفا کەمال بە پلەی ژەنەڕاڵیی ئەرتەش یەکێک لەو ئەفسەرە زیت و وریا و چالاکانە بوو کە لە شەڕەکانی (گالی پۆلیا) دا گەلێک قارەمانەتی نواند و هێرشبەرانی یۆنانی و هێزەکانی یەکگرتووی ئەوروپی ناچار بە پاشەکشێ کرد. مستەفا کەمال توانی هێرشی هێزی دوژمن تێک بشکێنێت و هاوکات کۆنگرەیەکی نیشتمانیش لە تورکیادا بنیاد بنێ. کۆنگرەی نیشتمانی ساڵی ۱۹۱۹ لە شاری سێواس بەسترا و مستەفا کەمال بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەکە هەڵبژێردرا.

مستەفا کەمال وەک بلیمەتێکی نیزامیی پراگماتیست، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۹۲۳ ی زایینیدا، بە ڕێبەرایەتیی حیزبی کۆماریخوازی تورکیا هەڵبژێردراو پۆستی سەرۆک کۆماریشی گرتە دەست. لە ماوەی ۱٤ ساڵ سەرکۆماریدا، بە لاساکاری لە وڵاتانی ئەوروپی، ئاڵۆگۆڕێکی بەرچاوی لە کۆمەڵگای وڵاتدا بە ئەنجام گەیاند. سیاسەتی لە دین جیا کردەوە. حیزبی(کۆماری گەل)ی لەسەر شێوازی حیزبە ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەت فرانسە دامەزراند. حیزبی ناوبراو هەتا ساڵی ۱۹٥۰، تاقانە حیزبی دەسەڵاتداری تورکیا بوو. مستەفا کەمال لە هەمان کاتدا کە لە ناوەوەی وڵات دا سەرگەرمی چاکسازی و نەوژەن کردنەوەی دامودەزگای ناوەوەی وڵات بوو، لە کۆنفەرانسەکانی دەرەوەی وڵاتیش ئاگادار بوو. بۆ وێنە، لە ۲٤ ژوییەی ۱۹۲۳ دا ژەنەڕال عیسمەت پاشا(عیسمەت ئینۆنۆ) و جەلال بایار، وەک دوو نوێنەری تورکیە بۆ بەشداری لە کۆنفەرانسی لۆزان و سڕینەوەی بەندەکانی پەیمانی سێڤەر، لە لایەن مستەفا کەمالەوە ڕەوانەی شاری لۆزانی سویسرا کران. عیسمەت پاشا و جەلال بایار لە کۆنفەرانسی لۆزان دا گەلێک دەسکەوتی گرینگیان بە قازانجی تورکیای کەمالی وەدەست هێنا.

مستەفا کەمال وەک فەرماندەیەکی نیزامیی دەمارگرژ، بە چاوێک لە دێموکراسیی ڕۆژئاوای دەنواڕی، بەڵام بە هەر دوو چاوەکانی نەتەوەی تورک و وڵاتی تورکانی دەبینی. بۆ وێنە لە بارەی زمانی تورکی دا گوتویەتی:[ زمانی تورکی دەگەڵ پرشنگی هەتاو نیشتۆتە سەر زەوی و لە خاکی تورکیا دابەزیوە]. واتە زمانێکی کە لە سەرتانسەری تورکیا دا قسەی پێدەکرێت، زمانی تورکییە و دانیشتوانی تورکیا سەرپاکی تورکن.

لە یەک کەلامدا دەکرێ بگوترێ، ئەکرانی سینەمایەکی کە ڕوو بە دوو چاوی ئاتاتورک کرابۆوەوە، بە چاوی پان تورکیستی سەیری فیلمی دێموکراتیزە بوونی وڵاتانی ئەوروپی، مافی مرۆڤ و سازان و ئاشتی جیهانیی دەکرد. بەڵام لە کردەوە دا نەتەوەپەرستی و تورکایەتییەکی ڕەبەقی لە کار و کردەوەکانیدا دەبیندرا. گەشە نەکردنی دێموکراسی لە کۆمەڵگای تورکیە دا دەتوانێ بەهۆی ئەو بینین و فەلسەفەیە بێت کە باوکی تورکان لە سیستەمی عەسکەرتارییەت دا وەک کەلەپور لە شوێن خۆیدا جێی هێشت. ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی عەسکەرتارییەتی تورکیا بخەینە بەر چاو، دەبینین کە کۆدیتا بە دوای کۆدیتای نیزامی دا هاتووە و، لە ئاکامی هەر کۆدیتایەک دا، ئەوەی شوێنەواری بیری ئازاد و مافی مرۆڤ و دێموکراسییەت بووە، نەیهێشتۆتەوە و سڕیوێتەوە.

ساڵانی(۱۹٦۰، ۱۹۷۱، ۱۹۸۰ و ۱۹۹۷)، ساڵی کۆدیتای ژەنەراڵەکان دەخەنەوە بیر. کۆدیتای نیزامیی ژەنەراڵەکان بۆتە هۆی ئەمە کە لە ۱۰ سەرکۆماری هەتا ئێستای تورکیا، شەش کەسیان لە

کۆدیتاچیانی نیزامی بن، کە سەرجەم ٢٥ ساڵ و٩ مانگ و١٨ ڕۆژ حاکمیەتێکی زاڵیان بەسەر کتێب و قەڵەم و قانوون دا سەپاندووە.

## دێمۆکراتیزاسیۆنی تورکیا

سازکردنی فڕۆکەیەکی شەڕکەر لە ئافتاوەیەکی تەنەکە، چەندە بەدوور لە واتای واقعییاتە، دیموکراتیزە کردنی تورکیاش هەر ئەوەندە؛ ئەمە قانوونی سیاسیی تورکیە دەیڵێت نەک من و تۆ. قانوونی حکومەتی تورکیە مۆری دەوڵەت نەتەوەیی لەو ڕۆژەوە لە پێناسەی خۆی داوە، کە باوکی تورکان (ئاتاتورک) نیشتۆتە سەر حوکم. فەلسەفەی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئاتاتورکی باوەڕمەندە بە تورکیایەکی یەک نەتەوە ـ یەک زمانیی، کە تێیدا هێزی سەربازی بۆ دەستەبەرکردنی ئەو فۆڕمە سیاسی ـ نیزامیە، پرەنسیپەکانی وەک ئەساسنامەی نیزامی لە زانکۆی نیزامی و لە سەربازگەکان دا دەرخواردی مێشکی پەرسۆنەلەکان دەدات. لە بەرزترینی لووتکەی پیرامیدی ئەرتەشی تورکیا دا، شۆڕای ئەولەکاریی نەتەوەیی(شۆرای ئەمنییەتی میللی) هەیە کە لە ١٠ ئەندامی ئەو شۆڕایە ، پێنج ژەنەرالی خاوەن هێزی نیزامی بەشدارن و ئەوانی تر کەسانێکی سیڤیلن، کە ڕەشایین.

دەسەلآت خودایی ژەنەراڵەکان لەم شۆڕایە دا کارێکی وەهای کردووە، کە سەرجەمی هێز و بەرپرسایەتی و دەسەڵاتێکی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و کاریگەریان بە بەرژەوەندیی گشتییەوە هەیە، لە سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی تورکیادا، لە دەست هێزی نیزامی دابمێنێتەوە. بە زمانێکی ڕەوانتر، شۆڕای ناوبراو ئۆرگانێکی مل ئەستوورە کە گەلێک لە کابینەی هەیئەتی دەوڵەت بەهێزترە. بەردەوامیی ئۆتۆریتەی سەربازی، بەتایبەت دەسەڵاتی باڵای ژەنەراڵەکان لە شۆڕای ئەمنیەتی میلییی توکیادا، مەزنترین ئاستەنگی دێمۆکراتیزە کردنی وڵاتە.

هێزی نیزامی، حیزبی کۆماریخوازی و فەشیستەکانی تورکیا گرێدراوی ئەم باوەڕەن و پێیان وایە کەمالیزم ئەمەیە و هەرچی دژی ئەمەیە، لە کەمالیزم بە دوورە. بەڵام دێموکراتەکانی تورکیا وا بیر ناکەنەوە و پێیان وایە کەمالیزم بە مانای سازکردنی سیستەمێکی سیاسییە لە تورکیا دا، کە دەگەڵ یاساکانی شارستانییەتی ئەوروپایی یەکتر بخوێننەوە. ئەم دوو بۆچوونە، ئەگەرچی ملیان بە ڕیخۆڵەی کەمالیزمەوە پێچراوەتەوە، بەڵام لە نێو کۆمەڵگای تورکیا دا دژایەتییەکی ناسکیان خولقاندووە. شەڕە دەندووکەی ئەم دووە، وەک شەڕی بووک و خەسووی ناو ماڵی کوردەواری وایە؛ خەسوو خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەبەقە، بەڵام بووک نازدارێکی بێ نازە. لە نێوانی ئەم بووک و خەسوەش دا، بەرژەوەندیی زلهێزەکانی ئەمریکا و ئیسراییل و یارانیان ئاستەنگن لە ڕێی یەکلا بوونەوەی کێشەکان؛ ئەمریکا بە دەستێک سەری دەوڵەت دەخورێنێت و بە دەستەکەی تری چەقۆی حکومەت تیژتر دەکاتەوە.

بەرهەم و دەرەنجامەکانی دێموکراتیزە بوونی کۆمەڵگای تورکیا .

یەکەمین بەرهەمی دێموکراتیزەبوونی تورکیا، لاچوونی ئاستەنگی سەر ڕێگای بە ئەندامبوونی تورکیایە لە یەکێتیی ئەورووپیدا. دووەم کازیوەی هەتاوی پڕ لە بەختیاریی، کە شکۆدارانە بەسەر بستاو بستی ئەنەدۆڵی دا دەکشێت، گەڕانەوەی سەرجەم دانیشتووانی تورکیایە بۆ ناو هەمێزی شارستانییەتی نوێ و ئاشنا بوون بە مافی ئینسانییە. مافی مرۆڤ و شارستانییەتی نوێش تەنیا شەمشێرێکن، کە فەلسەفەی بەردینی ئاتاتورکی دادێنن و دەست و پەلی ئینسان لە کۆت و بەندی کەسایەتی پەرەستن ڕزگار دەکەن.

دەرمانی دەردی ئەو شەڕە خوێناوییەی کە ماوەی٨٠ ساڵە گازەرای پشتی خەڵکانی تورکیای تێکشکاندووە، دێموکراسی و لە یەکتر تێگەیشتنە. بەڵام دوژمنانی دێموکراسی و تێگەیشتن، جگە لە

بەرژەوەندیی خۆیان، نە فریان بە خەمی دایکی تورکەوە هەیە و نە دایکی چاو بە گریانی کوردیش دەبینن.

ئەگەر بە چاوێکی مووقەڵێشەوە سەیری هێرشی درێژخایەنی هێزی نیزامیی تورکان بۆ سەر کوردستان بکەین، چەند تایبەتمەندی تێدا دەبیندرێت کە هەر یەک لە تایبەتمەندییەکان دەگەڵ ڕوحی یاساکان و شارستانییەتی نوێ دژایەتییان هەیە. قانوونی تورکیا، حاشا لە بوونی کورد لە تورکیا دا دەکات، بەڵام بەشێکی یەکجار زۆری سەرمایەی میللیی تورکیا تەرخانی هەر ئەو شەڕە درێژخایەنە دەکرێت کە مەڵبەندی جوگرافیاییەکەیدا کوردی تێدا دەژی و کوردستانە. تورکیا بە داری زۆری کۆمەڵگای کوردی خستۆتە پاراوێزێکی نیزامی و لە شارستانییەتی نوێی بە دوور ڕاگرتووە. کوردستانی ژێر حوکمی تورکیا لە ژێر گوشاری سیستەمی پرێسی ئەرتەش دا ڕەنگ و نمایەکی هەژارانەی لێ نیشتووە و، وەپاشکەوتوویی تێدا بۆتە خانەنشین. لە حاڵێکدا لەو لاتری تورکیا دا دنیایەکی ڕازەوە و ڕەنگین هەیە کە بابەتی سەیرانی توریزمی ئەوروپاییانە. ئەم جیاوازییە خۆی لە خۆیدا ئاماژەگەری ڕەگەزپەرستی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و، نادێموکراتیک بوونە. بەڵام هیچ شک لەمە دانییە کە کردنەوەی دەرگای بەختیاریی دیموکراسی بە سەر وڵات دا، باخچەیەکی ڕازاوەی چەند نەتەوەی ئازاد دەکەوێتە ناو مێژووی مرۆڤ، کە تێیدا سەرجەم هێز و پۆتانسیەلی ئینسانەکانی سەرگەرمی بنیات نانی کۆشکی برایەتی دەبن.

دێموکراتیزەبوونی کۆمەڵگای تورکیابە زیانی کێ تەواو دەبێت؟

هێزی عەسکەریی تورکیا بە پێی قانوونی ئیمڕۆ و دوێنێی وڵات، خاوەنی دەسەڵاتێکن کە وێنە و نموونەی ئەو دەسەڵاتە لە هیچ وڵاتێکی دێموکراتدا دەست ناکەوێت. سیاسەتی عەسکەرسالاریی لە سیستەمی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی فێرگە و زانکۆکانیش دا، تەنانەت بە سەر ناوەرۆکی کتێبی دەرسییش ڕادەگەن و هەموو هەوڵیان لە پێناو شوردنەوەی مێشکی کۆمەڵگا دایە. دەزگای دادوەری تورکیا کەوتۆتە ژێر ڕکێفی ژەنەراڵەکان و، سەبارەت بە تاوانی مەزنی سیاسی، گەز و ڕبەی ژەنەڕالەکانە کە سزای تاوانبار دیاری دەکات.

لە ڕاستیدا، دەسەڵاتی لە رادە بە دەری ژەنەڕالە تورکەکان بەستراوەتەوە بە هێزی مادی و بەرژەوەندیی ئابوریی. هەروەها ژەنەڕاڵە تورکەکان هێزو دەسەڵاتی خۆیانیان کردۆتە پشتیوانەی سامان و دارایی ئەفسانەیی و، دارایی و سامانی بێ حیسابی ئەوانیشە کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئەوان بەهێزتر دەکات .

سیستەمی نیزامیی تورکیا خاوەنی مەزنترینی کۆنسەرن[1] (koncern)ی ئابووریيە لە تورکیادا، کە ئەو کۆنسەرنە لە٣٠ تراستی دەولەمەند پێک هاتووە. سەرجەم تراستەکان لە بەشی تەکنۆلۆژیادا بەرهەمهێنەری دەیان چەشنە کەلوپەلی پیشەسازین، هەروەها لە بازەرگانی و هەناردەی کەلوپەل بۆ دەروەی وڵاتیش دا شادەماری ئابووریی وڵاتیان لە ناو پەنجە دایە.

کۆنسەرنی ئەفسەرانی پایە بەرزی تورکیا بە(ئۆیاک Oyak) بەنێوبانگە. ئۆیاک لە تورکیا دا تەوەرەی بەتوانای تەکنۆلۆژیای پیشەازییە؛ ماشێن(ئوتومبیل و هەمە چەشنە ماشێنی کارساز)، پیشەسازیی خواردەمەنی(لە بەرهەمهێنانی کەلوپەلی هەمە چەشنە خواردن و خواردنەوە ڕا بیگرە

---

[1] - [ کۆنسەرن(Konsern) : بە کۆمەڵە تراستێک دەگوتریت کە پێکەوە هاوڕی و هاوبەش بن.

تراست: بریتییە لە چەند شەریکەیەک کە کەلوپەلی یەکسان بدەنە دەر و بەشێکی مەزن لە بازاڕی وڵاتان بخەنە ژێر ڕکێفەوە. ئەم کۆگا مەزنە ئابوورییانە لە وڵاتانی سەرمایەداریدا خاوەنی دەسەڵاتێکی لە ڕادە بە دەرن و، خۆیان وەک فەرمانڕەوایەکی ڕەبەق بەسەر سیستمی بازەرگانی و نیزامیی وڵاتانی تر دا فەرز دەکەن.]

هەتا دەگاتە کەرەسەی سازکردنیان)، پیشەسازیی نەوت و پەترۆشیمی، پیشەسازیی چیمەنتۆ و کەلوپەلی خانووسازکردن، کەرتی توریزم، دەیان شەریکەی مەزنی تەکنۆلۆژیکی بۆ سازکردنی ئامێری پزشکی و موهەندیسی مۆدەرن، بەناوبانگترینی بانک، شەریکەی بیمە، ئاژانسی کرین و فرۆشتن لە تورکیا و دەرەوەدا، بە ڕمێنترینی زەنجیرە سوپەرمارکەتی دەولەمەند لە مەترۆپۆلەکان دا و گەلێک شتی تریش لە ئۆیاک دا جێگیرن. شایانی گوتنە کە زیاتر لە سی هەزار(٣٠،٠٠٠ )کرێکار لەم تراستانە داخەریکی کارن. دەسمایەی کۆنسەرنی ناوبراو لەو برە پارە و پولە پێکهاتووە کە لە(١٠%) مەعاشی مانگانەی سەرجەم لە کارکەوتووانی ئەرتەش پاشەکەوت کراوە و دەکرێت.

ئەوەیکە جێی ئاماژەیە ئەمەیە کە (ئۆیاک)ی سازمانی نیزامی تورکیا، خاوەنی دەیان ملیارد دۆلار سەرمایەی بانکییە و لە ساڵدا ٨٠% قازانجی ساتوسەوداکانی دەکەوێتە سەر ئەو سەرمایە ئەفسانەییە، بەڵام سەرەڕای ئەمە، قەت فلووسێک باج وسەرانە بە دەوڵەت نادات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کۆگا ئابورییەکانی هاوچەشنی(ئۆیاک)، چونکە بەشی تایبەتین و خەڵکی، ناچارن زیاترین مالیات و سەرانە بدەن.

هەلی گونجاو بۆ ژیانی پەرسۆنەلی نیزامی هەر ئەوەندە زۆرە، کە دەکرێ بڵێین بنەماڵەی ئەرتەش ژیانێکی ئاسوودەی بەلاشیان لە خزمەت دایە. لە سوپەرمارکێتەکانی نیزامی دا هەمە چەشنە کەلوپەلێکی ژیان، ئەویش زۆر بە هەرزانی، لە بەر دەستیماڵباتی ئەوان دایە. کاپیتالی بانکەکانی ئەرتەش، قەرزی کەم قازانجیان بۆ کڕینی ماڵ پێدەدات. ماڵ و منداڵیان لە ژێر خێوەتی بیمەی دەرمانی دان. لە خوێندنگەکاندا گەنج و منداڵیان پشتیوانی بە دەسەڵاتیان لە پشت سەرە. بە کورتی ئەو خێر و خۆشییەی کە بەرهەمی دەسترەنجی تێکرای خەڵکی کۆمەڵگای ئەنەدۆڵە، زۆربەی هەرە زۆری دەبێتە ئاوی فێنک و بە گەرووی هێزی نیزامی و ماڵ و منداڵیان دا دەچێتە خوار.

دێموکراتیزە بوونی وڵات، بە واتای وشک بوونی ئەو ڕووبارە پڕ لە خێر و بەرەکەتەیە کە هێزی نادێموکراتی ئاتاتورکی گیانی پێدەگرێت. شەڕە دەندوکەیەکی کە لە نێوان هێزی زەبەللاحی نیزامی لە لایەک و هێزی دێموکرات لە بەرێکی تر دا لە ئارا دایە، وەک شەڕی بووک و خەسووی ناو ماڵی کوردی وایە؛ خەسوو خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەبەقە، بەڵام بووک نازدارێکی بێ نازە. لە نێوانی ئەم بووک و خەسوەش دا بەرژەوەندیی زلهێزەکانی ئەمریکا و ئیسراییل و یارانیان ئاستەنگن لە ڕێی یەکلا بوونەوەی کێشەکان؛ ئەمریکا بە دەستێک سەری دەوڵەت دەخورێنێت و بە دەستەکەی تری چەقۆی حکومەت تیژتر دەکاتەوە.

## ٢

### تورکیا خەریکی چ قومارێکە؟!

**کارەسات:**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک لابوراتواری تۆپاندنی ماکی ئەو تیرۆریزمەی لێ بەسەرهات، کە کارەساتی ١١ی سەپتەمبەری ٢٠٠١ ، لە ئەمریکادا پێکی هانی ـ [ ئاردێک لە هەمەدان بابردی، گوتیان کابرایەک لە خوراسان ترِی لێ بەر بووە!!] گوتەی پێشینیان: ((ئاردی هەمەدانێ و ترِی خۆراسانێ))

دوای کارەساتی ١١ سەپتامبەری ٢٠٠١ ی ئەمریکا، بار و دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە چەشنێک شێوێندرا، کە خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئەو شێواوییە، تەنیا لە دەفتەرخانەی مێتۆدی سیاسیی ئەمریکا دا دەست دەکەوێت. لە ئاکامی ئەم شێواوە بازاڕە دا، ئیسراییل بوو بە کوڕە ئاغایەکی تاقانە، کە لێدەدات و هاواری بابەش دەکات... فلستینی یەکگرتوو، بوو بە دوو کەرتی دژ بە یەک کە

زۆر جاران فەتح لە بەر سێرەی تفەنگی حەماسدا دەبێتە ئیسراییل و پێچەوانەش ... لبنان کرایە تەسبێحی دەستی پیاوی شێت و دەیان مۆرە و مورووی سەیر و سەمەرەی تێکرا... پێکهاتەی عێراق هەرەسێکی ئەوتۆی بەسەر دا هات، کە لە وڵات نەبێ لە هەموو شتێکی تر دەچێت. لە عێراقی فیدرال!! دا، کەس تێیدا پێناسە ئەوی تر ناخوێنێتەوە و بەردەوام خوێن دێت و سەران دەبات... لە ئەفغانستاندا، ئەم کۆڵان لە دەستی تاڵەبان و ئەلقاعیدە دایە و مرۆڤ بە کۆمەڵ دەگوزرێت و لە گەڕەکی تر دا هێزی لەرزۆکی حکومەت خۆی مەڵاس داوە و بە چاوی نووقاوەوەی تەقە لە خەڵک دەکات. لە هەموو کۆڵانەکاندا تاڵەبان و ئەلقاعیدە خەڵک دەگوزن و(ناتۆ)ش خەڵک دەگوزێت... پاکستان بۆتە شەرگەی شەرکەرانی نادیار، نە حکومەت هی خۆیەتی و نە سیاست ڕەسەنایەتیی تێدا ماوە. سەرۆک کۆماری وڵات، وەک ئەسپی دزراو ئەم تەویلە و ئەو تەویلەی پێدەکرێت... هەرای پیتاندنی یۆرانیومی ئێران کراوەتە کراسی ئیمامی عوسمان، بەڵام باو باوێن و ژوانی شاراوەی ئەمریکا و مەلاکان مووی لێ لار نەبۆتەوە؛ بدە و بستێنەی نێوانیان لە یەکەم ڕۆژ دا چلۆن بووگە، هەر هێستایش هەر وەلۆیە... زۆڵێتی و چەند ڕواڵەتیی ئەوروپا لە قوماری جیهانیدا کەوتۆتە فازێکی نوێ و، دیزە بە دەرخۆنە کردنی ئەندامانی یەکێتیی ئەوروپی لە ئاست یەکتر دا بێز هێنەرە... هەڵسوکەوتی دوو مشکە کوێرەی چین و ڕووسیا و ملومۆکردنیان لە سەر سفرەی هەلپەرستی دا، ڕابوردوویان دێنێتەوە بەر پرسیار و، ئەم پرسیارە بۆ مێشکی زیندووی سەربەخۆ دێنێتە گۆڕی کە هەیاران شەرەفی لایەنگرانی ڕەنجبەر و زەحمەتکێش و پرۆلەتەر، چلۆن دەبی ئەوەندە پیس و چرووک و پەست بێت؟

هەر لەو ڕۆژەوە کە کارەساتی خەمبارانە، بەڵام شاراوەی ژێر تۆز و تەمی ١١ ی سەپتەمبەری ٢٠٠١ ، کەوتە ناو لاپەرەکانی مێژووی سەردەم، ئیتر ئەوەی کە لە کۆشکی ڕەشپۆشی ئەمریکای پرسەدار!! خوێندرا و گوترا و دەگوترێت، جیهانیانیش هەر وەک تووتی، بە تێکڕایی گوتیانەوە و دەیڵێنەوە؛ لەو ساوە، ئیتر تەڤگەڕی ئازادیخوازیی چینی چەوساوە و نەتەوەی بندەست، کراسی ڕەشی تێرۆریستی دەبەر کرا و هاوکاتیش حکومەتی فاشیستی چەکمەڕەق بوو بە کۆترە سپیلکەی ئاشتی و خەریکی وەرگرتنی (خەڵاتی نۆبێڵ)ە. جێی داخە کە تەنانەت مێشکی میللەتیش توانای هەڵاواردنی گورگ و مەڕی پێ نەماوە. خەڵکی کوچە و کۆڵانان نەخێر، بەڵکە مرۆڤی ترسنۆکی خۆپارێز پێیان وایە لەم سەردەمە دا بۆ داواکردنی ماف، ئیتر باوی چەک و خەباتی چەکداری نەماگە، بەڵام لە بەرامبەر دیالۆگی کورد دا، هەڕەشە، سێدارە، زیندان، ئەزیەت و ئازار، سوتاندن و خاپوورکردن بە دەستی تاران ، بەغدا، ئەنکەرە و دەمشق، ڕەوایە و شەرعییەتی هەیە.[ئاو بێنە و دەستان بشۆرە .]

مرۆڤی ترسنۆکی خۆپارێز نەخێر، بەڵام خەڵکی کوچە و کۆڵانانی وڵاتانی ئێمە دەڵێن: هەیاران ئەم گشتە چەکەی کە وڵاتانی چەکساز بە حاکمانی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیای دەفرۆشن، بڵێی بۆ سەقامگیرکردنی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ بێت ؟!

خەڵکی کوچە و کۆڵانی وڵاتانی ئێمە، فەرمانی ئەمریکای دوای ١١ی سەپتەمبەری ٢٠٠١ ، بە کوشندەی ئازادی و مافی مرۆڤ دەزانن، بەڵام مرۆڤی ترسنۆکی بێ جەرگ، وەک تابووری پێنجەمی وڵاتانی چەکفرۆشیان لێهاتگە و، ئافەرین گۆیانی دەستکردی حاکمانی کەللە وشکی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیان

.

## کێشەی کورد لە تورکیا دا

کێشەی کورد لە ئێران دا باسی چی دەکات، لە عێراق، سوریا و تورکیاش هەر ئەو دەنگ و هەر ئەو ئاوازەیە کە نزیک بە ١٠٠ ساڵە بە گوێی جیهانیان ئاشنایە. مەبەست لە گوێی جیهانیان، ئەو دامودەزگا حقوقی ـ سیاسییانەیە کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ داکۆکی لە مافی گەلانی جیهان لە دایک بوونە. ئەرشیڤی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان باش دەزانێت کە زۆربەی تاکی کورد پێی

خۆشە سەربەخۆ بژی، بەڵام ئەمەش باشتر دەزانێت کە حیزب ـ ڕێبەرانی هەر ئەو خەڵکە داواکاری دێموکراسی بۆ وڵاتانی عێراق، ئێران، سوریا و تورکیان و، ژیانی ئازادانەش بۆ خەڵکی کورد دەخوازن .

ئەم نووسراوەیە باسی مێژووی لەمێژینەی تەقگەرەکانی خەڵکی کوردی دابەشکراو ناکات، بەڵام بۆی هەیە لە دەرەنجامی دوو قۆناغی بەر لە کارەساتی ١١ی سەپتەمبەری ٢٠٠١ و ، دوای ئەو کارەساتە، کورتە باسێک ئاماژە پێ بکات:

لە کوردستانی عێراقدا، بەر لەو ڕۆژە و دواییش، شۆڕشێکی چەکدارانەی کوردیی تێدا لە ئارا دابووە کە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی سانترالیزمی دێموکراتیکی رووسی لە سەرکردایەتییەکەی دا بیندراوە. لە دەور و بەری هێللانەی کوێستانیی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیدا، جار جار، پۆستەری خرەشچۆف و هەندە جارێکیش وێنەی گەورە کراوەوەی سەدر ماوتسەتۆنگ دادەندرا. بەهۆی تەواو دێموکرات بوونی بەڕێوەبەرایەتی یەکێتی، کەس بۆی نەبوو بڵێ: کوجا مەرحەبا! بەداخەوە سیاسەتی پارتی دێموکراتیش لە ئاستی بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەی کورد دا، لە یەکێتی باشتر نەبوو؛ دەمێک شای ئێران باوکی کورد بوو و دواییش خومەینی بۆ پەنابەرانی کوردی عێراقی سێبەری ڕەحمەت بوو. ئاماژە بە خەباتی پێشمەرگایەتیش بەو مانایە نییە کە کورد هەر لە سەرەتای مێژووی سەد ساڵەی خۆیەوە، شێت و شەیدای چەک و چیا و شەڕ و خوێنڕێژی و کاولکاری بووبێت. ئەگەر مێژوونووس یان ڕوناکبیرێک، خەباتی چەکدارانەی کورد بخاتە ژێر شووشەی زەرەبین و، لایەنی هێرشکار لە ژێر سمێڵەوە نەدیو بگرێت، واەویلایە و ئەودەم ئیتر فاشیستەکانی ئەنکەرە، بەغدا، تاران و دەمشق وەک پەپوولەیان لێدێت. تەنانەت خۆ گێل کردن لە دروشمی حیزبە کوردیەکانی هەر چوار بەشی کوردستان، کە تییاندا، وڵاتێکی دێموکرات و مافی شارۆمەندی بۆ کورد دەخوازن، خۆ گێل کردنێکی تاوانبارانەیە لە زەختی چوار فاشیست لەلایەک و، لە بەری ترەوە سەلماندنی ژێر دەستی و چەوسانەوەی کورد و نەتەوە بێبەشەکانی ترە لە چوار وڵاتی ناوبراو دا.

هەر ئەو ڕۆژەی کە ئەمریکا بە مەبەستی ڕاوە تێرۆریست، لە جیرانەتیی ئێراندا ڕێگای لە خۆی گۆڕی و بە هەموو هێزەوە بە سەر عێراقی سەدام حسێنی دادا، بزوتنەوەی چەکداریی دوو حیزبی کوردستانی عێراق، وەک چاوساغی ئەمریکا، ئەوەی لە دەستیان هات، زۆر ناشارەزایانە کردیان. ئەوان لەبری خۆ قایمکردن و قەپانچەلە کردنی کلک و گونی ئەمریکا بۆ ڕۆژی مەبادا، خۆیان بە کلکی ئەمریکاوە هەڵاوەسی و شۆڕشی چەکداریی کوردیان کردە میلیشیای شەرکەری زلهێزێکی جیهانی. کارەساتی ١١ ی سەپتامبەر و سەر لە قوڕ نانی ئەمریکا، زەنگی خەتەرێکی لێبڕاوانە بوو کە دەست و پێی کوردی عێراقیشی کۆ کردەوە. ئاماژەیەک باشە بکرێت بۆ ئەو هەلە باش ڕەخساوەی باش بە زایە چووە؛ سەدام حسێن و تۆماری دەسەڵاتەکەی تێکەوە پێچرا و بە با چوو. پارتی دێموکرات لە موسڵ و دەور و بەری، یەکێتی نیشتمانی لە کەرکووک و دەور و بەری دا خەریکی مانۆڕ دان و خۆ فش کردنەوە بوون. غافڵ لەوەی کە ئەمریکا پڕۆژەیەکی بۆ کورد لە جانتا دا نییە و، بەرگرە لە مانۆڕدانی هێزی چەکداری کوردی .

ئەو کاتەی کە مام جەلالی یەکێتی، کۆنە(نەخشە)ی جوگرافیایی عێراق ـ کوردستانی لە سەر مێزی دەوڵەتی نوێی عێراق پان دەکردەوە و پانتایی کوردستانی عێراقی لە سەر ئەرزی واقیع، بە نوێنەرانی دەوڵەتی نوێی عێراق نیشان دەدا، کێ بزانێت هەر ئەو دەم، ئەمریکاش(خەریتە)ی خۆی بۆ کارگێرانی دڵنیگەرانی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا و وڵاتانی تری ناوچەکە پان نەکردبووبێتەوە!... ئەرێ هەیاران لە دەستچوونی موسڵ و دەور و بەری و خانەقین و شار و شارۆچکەکانی ئەو دەورە و کەرکوک و گەرمیان ، ڕاست و دروست بوونی خەریتەی مامەی یەکێتی پشت ڕاست دەکەنەوە یان هەمبانە بۆرینەکەی ئەمریکا !!

## خەنجەری بەر پشتێندی کوردە و ڕۆژی مەبادا

بەر لە ڕوخانی کۆشکی دەسەڵاتی سەدام حسێن، کوردەکانی باشووری وڵات، خۆیان لە چەک و چۆڵی هەمە چەشنەی ڕەبایا و مەعەسکەرەکانی ناوەوەی کوردستان خەنی کرد بوو. واتە بەر لە هێرشهێنانی جۆرج بوش و هاوپەیمانانی بۆ سەر سەام حسێن، کوردەکان خاوەنی چەکی سووک و قورسیش بوون، بەڵام دوای شێواندنی ناوچەکە و بە موراد گەیشتنی ئەمریکا لە مەبەستەکانی خۆی دا، تورکیای هەواڵبەندی ئەمریکا، زۆر بوێرانە هاتە ناو کوردستانەوە و چەندین مۆڵگە و پێگەی نیزامی دامەزراند. لە هەوا و هەردیشەوە بە دەیان جار هەرێمی کوردستانی بەزاند. زەبری تورکیا گورزێکی وەهای لە کورد وەشاند، کە هەرێمی کوردستانی ناو خەریتەی مامەی یەکێتی، وەک بەفری بەر بای بەهاران توایەوە. لە توانەوە و بە فیرۆ چوونی خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستان و پێدرێژیی تورکیادا، ئەمریکا تاوانبارە، بەڵام بەرپرس نییە. چونکە لە دەسپێکی هێرشهێنانی دا هیچکەس لە پاکەتی ناو جانتاکەی ئەوی نەپرسی کە ئاخۆ چی بۆ کورد هێناوە؟! لەم بوارەشدا چەکی ناو جبەخانەی کوردەکان بە مردەی خەنجەری بەر پشتێندی کوردە چوو؛ ئەوەیکە دەبوو بە سەر کوردە دا بێت، بەسەری هات. خەنجەر لە بەر پشتوێندی کوردە دا ژەنگی هێنا، بەڵام ڕۆژی مەبادای دەکار هێنانی خەنجەری کوردە قەت بە چاوان نەبیندرا و قەتیش نابیندرێت.

## سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان

سەرەتای هەشتاکان، سەرهەڵدانێکی چەکدارانەی ڕیشەدار لە بن گوێچکەی پایگای نیزامیی ئەنجیرلیک، لە دژی ئەندامێکی دڕ و یانیگری((ناتۆ)) سەری هەڵدا. بەر لە ئەم سەرهەڵدانە، لە باکووری کوردستاندا گەلێک بزووتنەوەی روناکبیری، کۆلتوری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت حیزبی سیاسی بێ چەکیش، نیوە نووزەیەکی [کوردی ـ تورکی]یان لێوە دەهات. بەڵام هێرشی وەحشیانەی پۆلیسی نهێنی بەردەوام نووزەی لێدەبڕین. سلێمان دەمیرەل لە ساڵی ١٩٦٧ دا فەرمانی یەساغ کردنی هەر چەشنە وشەیەکی ناتورکی لە سەرتانسەری تورکیا دا ڕاگەیاند. ڕوناکبیرانی کورد لە سەرتانسەری ئەنەدۆڵی دا بێ سەر و شوێن دەکران. گەلیک کەسانی وەک موسا ئەنتەر دەخوێن گەوزێندران و کەسانی وەک دوکتۆر ئیسماعیل بێشکچی ، چونکە گوتبووی و نووسیبووی کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵی میللەتێکی تێدا دەژی تورک نییە و کوردە، بە زیندانی دوور و درێژ حوکم دران .

سەرهەڵدانی ئەمجارەی باکووری کوردستان، دوای ڕاهێنان و پەروەردەکردنی هێزی سیاسی و نیزامی لە دەرەوەی وڵاتدا، دەگەڵ یەکەمین تەقەی تفەنگ لە چیاکانی کوردستان، بوونی خۆی و ناوی خۆی بە گوێی جیهانی سەردەم دا ڕاگەیاند: پارتی کرێکارانی کوردستان!

پارتی کرێکارانی کوردستان، دەگەڵ چەند تایبەتمەندیی زۆر بە نرخ لە دایک بوو. یەکەم تایبەتمەندیی ئەو پارتە، زیندوکردنەوەی کەسایەتیی ژنی کوردە. بۆ کەسێک کە بخوازێت واتای ڕاست و دروستی زیندوو کردنەوەی ژنی کورد، ببینێت ، نووسراوەکانی تێکۆشەر دوکتۆر ئیسماعیل بێشکچی باشترین بەڵگەی باوەڕ پێکراون. زیندوو بوونەوەی ژن لە کارو خەباتی ڕۆژانەی(پکک)دا بەئاشکرا دیارە و، دیارە کە بە گژ داچوونەوەی ژن دژ بە پێشێلکاریی سیستەمی حکومەتی تورکیا چلۆنە؛ ژن لە شاخ و لە شار و لە دەرەوەی وڵاتیشدا پێشەنگی کاروانی خەباتە و ئینیسیەتیڤی سەرەکیی بزووتنەوە لە دەستی ئەو دایە. لەم بوارە دا، یەکێک لە ڕەمزی هەرمانی ڕێکخراوەی پکک، لە ناوەوە و دەروەی وڵات دا، هێزی لەبن نەهاتووی دایکە؛ دایک بەخێوکەری فەلسەفەی بەرخۆدان و ڕاوەستانە .

دووەم تایبەتماندیی پکک، ناسینی بار و دۆخی هەڵکەوتە و دابەشبوونی سیاسی و جوگرافیایی کوردستانە. بارو دۆخی ژیۆپۆلەتیکی کوردستان بە سەرکردایەتی حیزبەکان ڕادەگەیەنێت کە

بەڕێوەبردنی شۆڕش بەبێ کانگا و سەرچاوەیەکی دڵنیای ئابووری، سەرەنجامەکەی چاو لەدەست بوون دێنێت؛ چاو لە دەست بوونی شۆڕش بە واتای ناسەربەخۆییە. دەکرێ بڵێین یەکێکی تر لە خاڵی بە قەوەتی ئەو پارتە، دارابوون و سەربەخۆیی باری ماڵی و دراویی ئەوە. بەڵام واتە وات و دەمگۆی ئەمەی، کە بناغەی ئابووریی پکک پەیوەندیداری ڕێگای چەوتەوە، ئەمە جگە لە (شانتاژ) چی تر نییە؛ ئەگەر پکک لە ڕێگای چەوتەوە ماڵ کۆ بکاتەوە و بە پارە و پوڵی ناڕەسەن درێژە بە خەباتی خۆی بدات، بەو مانایە تەواو دەبێ کە سیستەمی جاسووسیی تورکیا، ئیسراییل، ئەمریکا و ئەورووپا ئەوەندە داماون کە ناتوانن بەڵگەی ئەو خەیانەتە مەزنە لەو تێرۆریستە دەربخەن و لە ناو کۆمەڵگای جیهانیدا حەیای پێ نەهێڵن. ئەوەیکە وەک شێرپەنجە لە سەر دڵی فاشیست پەروەرانی ناوچەکەی ئێمە ڕوواوە، ڕێکخراوە سیڤیل و مەدەنیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانە کە تەنیا پاڵپشت و پشتیوانەی ماڵیی ئەو پارتەن .

تایبەتمەندی تری پکک، هەڵاییسانی شۆڕشی ئاسمانیی(مێدیاتیڤی) ، کردنەوەی ئەنستیتووتی کوردی، دامەزراندنی پەرلەمانی کورد لە دەرەوەی وڵات، بنیادنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و گەلێک سازی و دەزگا و ڕێکخراوەی تریش، کە هەر یەک لەم سازی و دەزگە و ئۆرگانانە، نیشان و وێنایەکن لە زیندووبوونی ئەو سیستەمە .

بەڵام پڕ بایەخ ترینی تایبەتمەندیی پکک، دۆستایەتی و هاوخەباتیی دەگەڵ حیزبێکی سیڤیل و شارستانیی وەک(D.T.P) ، پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیکە.

پکک، لە بەردەوامی تێکۆشانی خۆیدا، بۆ نیشاندانی چاکەخوازیی بزوتنەوەی کوردی، جارانی جار بانگەوازی ڕاگرتنی شەڕ، دانیشتن و دیالۆگی ڕاگەیاندووە، تەنانەت چەند جاران، یەک لایەنەش دەنکی چەکی خەواندۆتەوە، بەڵام حکومەت و دەوڵەتی کمالیستیی تورکیا، یەکدەم لە هێرشبەری، کوشتن ، کاولکاری و سوتاندنی دارستان و دێهات دەستی ڕانەگرتووە. لەم بەرەیشەوە ، لایەنی پارتی کرێکارانی کوردستان لە هەمبەر ئەم کەللە ڕەقی و شەڕفرۆشیی حکومەتی پان تورکیستیدا، دەستی لە تێکۆشانی مەیدانیی و شێوازەکانی[سیاسەت - شەڕ- دیپلۆماسی] شل نەکردۆتەوە. ویست و داخوازییەکانی کورد لە تورکیا دا، چاو لە دوو دیوی سنووری ١١ی سەپتەمبەری ٢٠٠١ ناکات. چونکە بەر لە ١١ ی سەپتەمبەر دا بار و دۆخی ژیانی کورد لە تورکیا دا چلۆن بووە، ئێستێکەش هەر وەک جارانە و، تین و تەوژمی سەرکوتانەوەی حکومەت و دەوڵەتی فاشیستی تورکیا لە چ ئاست دابووە، لە سای دەستەبرایەتیی ئیسراییل، ئەمریکا و ئەورووپا دا سەد جار زیاتر بووە .

**تورکیای شانۆگەر، خەریکی چ شانۆیەکە؟**

کارەساتی ١١ ی سەپتەمبەر و تێکچوونی سیستەمی سیاسیی کۆماری عێراق، بەتایبەت دوای بانگەشەی فیدرالی بوونی حکومەتی عێراق و چارەسەریی کێشەی کورد لەناو سیستەمی فیدرالیدا ، ئەو ڕۆژە ڕەشەی بۆ تورکیا بە دیاری هێنا کە لە چارەنووسی خۆیدا پێش بینیی دەکرد. دوای داڕووخانی ئیمپراتوریای عوسمانی و پێکهاتنی تورکیای نوێ، ئەمە جاری دووەم بوو کە هەناسەی ساردی ناکامی بۆ دوو ئەیالەتی موسڵ و کەرکووک بە هەناوی تورکیا دا گەڕا. موسڵ و کەرکوک، هەر ئەو جۆرەی کە عێراق سوورە لە سەر خاوەندارێتیی کوەیت و پێی وایە کوەیت بەشێکە لەو وشکاییەی کە لە هێڵی دەریایی((تالویگ*))[2] ی عێراق دایە. تورکیاش پێی وایە دوو ئەیالەتی موسڵ و کەرکوک ، بەشێکی دانەبڕاوی ئەنەدۆڵن .

---

٢ - Talweg - قوڵترین شوێنەکانی ژێر دەریای نێوان دوو وڵاتی دراوسێ، کە وەک سنووری دەریایی سەلمێندراوە.

ڕووخانی سەدام حسێن و زەمزەمەی کۆماری فیدرالیی عێراق، دوو چەشنە دژکردەوەی لە ناو سیاسەتی تورکیادا پێک هانی. دوو دژکردەوەکان لە گەلێک خاڵاندا دوور لە یەکن و هەر تەنیا لە خاڵێکدا یەکانگیری یەکن، کە ئەویش لەبار بردنی دەسەڵاتی کوردی و نەهێشتنی سیستەمی فیدرالی لە عێراق دایە. نیزامیانی تورکیاو حیزبە ڕەگەزپەرست و فاشیستە تورکەکان پێکەوە هاوپەیمانن کە بە هیچ نرخ و بایەخێک نەهێڵن عێراق بەم بوارەدا بڕوات و کوردستان وەک هەرێمێکی کوردی لە جوگرافیای سیاسیی جیهانی دا ناودێر بکرێت. بەڵام لایەنی تری دژکردەوە، لە بەرامبەر حوکمی مێژوو دا ڕەق و وشک نین، بەڵکە ڕوانگەی ڕوانین ئەوان بەربڵاوترە و لە ڕاستیدا، لە سیاسەتێکی کلاسیکی تورکی وزە وەردەگرێ، بەڵام بە شێوازێکی نوێی بەڕێوە دەبەن. ڕەوتی ئەم شێوازە نوێیە، دوای قەیرانی ئابووریی جیهانی خێراتر بووە و لە گەلێک ئاقار دا خو دەنوینێت.

## قەیرانی ئابووریی جیهانی و کاسبکاریی تورکیا

دوای هەرەسهێنانی سۆڤییەت و جیابوونەوەی کۆمارە یەکگرتووەکانی وڵاتی شۆڕاکان ، تورکیا بە هۆی پەیوەندییەکانی ئەتنیکی ـ ئایینی و بازەرگانیی لەمێژینەی سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڵ خەڵکانی ئاسیای نێوەڕاست، ئەم شانسەی بۆ مەیسەر بۆوە کە دزە بکاتە ناو ئاسیای میانە و پەیوەندیی کولتوری ـ بازەرگانی و سیاسیی سەرلەنوێ دەگەڵ وڵاتانی ناوبراو ئاودان بکاتەوە. شان بە شانی ئەم هەنگاوە و، دوا بە دوای قەیرانی ئابووریی جیهانی و ترس و دڵەڕاوکەی خەڵکانی ئەوروپا لە بێکاری و دوا ڕۆژی نادیار، پلەی گەشتیاریی تورکیا لە کەرتی توریستی دا بە شیوەیەکی بەرچاو تووشی دابەزین بوو. ئەم دابەزینە مەترسییەکی سامناک بوو بۆ کۆمەڵگەی تورکیا و دەبوایە ئەم دابەزینە لە ڕێگایەکی ترەوە قەرەبوو بکرێتەوە .

ئەو لایەنەی کە گوتمان لە ناو حاکمییەتی تورکیا دا سیاسەتێکی کلاسیکی تورکی، بەڵام بە شێوازێکی نوێ بەڕێوە دەبەن، دوای قەیرانی ئابووریی جیهانی، بە خێرایی دەست بەکار بوون و خەریکن بەپیی سیاسەتی تایبەت بە خۆیان، چەکوشێک لە ناڵ بدەن و یەکێک لە بزمار. لەم چەکوش لێدانەش دا، زۆر زیرەکانە خەریکن کۆمەڵگەی تورکیا بەرەو ئامانجێک دەبەن کە لە دەروونی کۆمەڵگای تورکیا دا وەسوەسەی ئارەزوومەندانەی ئەو ئامانجە بە زیندوویی هەست پێدەکرێت. لەم میانەش دا ژەنەڕاڵەکان و حیزبە ڕەگەزپەرست و فاشیستە تورکەکان گوی قوڵاغ و کوڕە گوی ڕاوەستاون و هەردەم ئامادەی کۆدیتان .

## تورکیا ـ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەگەر یەک بەرهەمی بوایە و، بەرهەمەکەی پەتاتەی بوایە، لەوانە بوو ئەو گشتە شەڕ و هەرا و کوشت و کوشتارەی بە خۆیەوە نەدیتبایە. بەڵام لە بەختی ڕەش، ژێر خاک و خۆڵ و بەردی ئەو نیشتمانە، دەریای پەترۆلی تێدا خەوتووە، هەر بۆیەشە خەومان لێ حەرام کراوە .

مەڵبەندی پەترۆلی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕاست ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە فەرتەنە و شەڕ و کێشەیەکی لەمێژینەی بێ ناوەرۆکی تێدا جێگیر بووە. هەر لەم سەردەمە دا، ئێران و ڕوسیە دوو دۆستی بن کۆستن کە لە بەرامبەریاندا ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، توند و تیژ ڕاوەستاون. هەناردەی نەوتی ئێران و ولاتانی کەنداو لە ڕێگای دەریاوە بەرەو بازاڕەکانی جیهانی دەڕاوت. بەڵام گاز و نەوتی کۆماری ئازەربایجان و ئاسیای ناوین، بە پێی پڕۆژەیەکی ستراتیژیی ئەمریکی کە بە پڕۆژەی سەردەم ناسراوە، بە هێڵێک دا تێپەڕ دەبێت کە هێڵی ترانزێتیی باکۆ ـ تفلیس ـ جەیحان(BTC) ی پێدەگوترێ.

بەپێی ئەم پرۆژە ئەمریکییە، قازانجەکانی ئەوروپا و تورکیا و کۆماری ئازەربایجان و گورجستان (جۆرجیا) پێکەوە گری دراون.

هێڵی ترانزێتیی لوولەی نەوتی باکۆ ـ تفلیس ـ جەیحان (BTC)ساڵی ٢٠٠٢ دەستی بە ڕاگوازتنی نەوتی کۆماری ئازەربایجان کردووە. ئەم شالوولەیە لە ئازەربایجان و گورجستانەوە بەرەو شاری جەیحانی تورکیا دەڕوات. ئەو هێڵە، لە یەک ڕۆژ دا نزیک بە یەک ملیۆن تۆن(تەن) نەوت بەرەو ئەوروپا سەراوژێر دەکات. داهاتە باجی ساڵانەی تورکیا لە هاتن و ڕۆیشتنی نەوتی ئەم هێڵە ، دەگاتە ٦٥٠ ملیۆن دۆلار.

شالوولەی دووەمی باکۆ ـ تفلیس ـ جەیحان (BTC)، تایبەت بە کۆکردنەوەی نەوت و (گاز)ی ئاسیای ناوین، واتە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی نەوت و گازی کۆماری ئازەربایجان، کازاکستان و تورکمەنستانە. ئەم شالوولەیە لە ڕۆژ دا دەتوانێ بڕی دە ملیۆن و چوارسەت هەزار بەرمیل نەوت لە مەڵبەندی ئاسیای نێوەڕاستەوە کۆ بکاتەوە و بەرەو جەیحان ڕایگوێزێت. هەر شان بەشانی ئەم شاڕێگا ترانزیتییە، شالوولەیەکی تریش هەیە کە لە ڕۆژ دا ٩٠ هەزار بەرمیل نەوت دەڕژێنێتە بەندەری جەیحانەوە. پڕۆژەیەکی گاز گوازتنەوەش لە ساڵی ٢٠١٢ دا دەست بە کار دەکات کە لە ساڵدا دەتوانێ بڕی ١٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠٣ گاز، لە ڕێگای جەیحانەوە بگەیەنێتە ئەوروپا.

ئەم پاراگرافە بۆیە لێرەدا گونجێندرا، کە نیشان بدات تورکیای دوای هەرەسهێنانی سۆڤییەت، نە تەنیا لە پلە و پایە نەکەوتووە، بەڵکە لە سای سیاسەتی نگریسی ئەمریکا و ئیسراییل و ئەوروپا دا ، تورکیا کراوەتە چوارڕێیانی ساتوسەودای سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئابووریی جیهانی. لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا، ئەمریکا دەخوازێ لە هەلێکی نزیکدا ئێرانی ئیسلامی بە چۆک دابێنێت و حاکمییەتی ئەمریکی بە سەر ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا نوێ بکاتەوە.

شایانی باسە کە ئێران لە بازاڕەکانی ئاسیای ناویندا شاخ بە شاخی تورکیا ڕاوەستا بوو، بەڵام شەڕی هەشت ساڵەی دژ بە عێراق ، کە پێدەچێت پیلانی ئەمریکی بووبێت، دەستی ئێرانی لە بازاڕەکانی ناوبراو کورت کردەوە و تورکیا بە یاریکاریی هەواڵبەندەکانی جێگای ئێرانی گرتەوە.

وەدەست هێنانی بازاڕەکانی ئاسیای نێوەڕاست لە لایەن تورکیاوە، ئەم شانسەش بە ئەمریکا و جیهانی ڕۆژئاوا دەدات کە سیاسەتی ئابوریی ئێران و ڕوسیە لەم هەرێمە دا بخەنە پەراوێزێکی ترسناکەوە. ئەم پرۆژەیە دەتوانێت ئێران و ڕوسەکان بە چۆک دابێنێت و هەمیش دەسەڵاتی سیاسی ـ نیزامی ـ ئابوریی ئەمریکا، ئیسراییل و وڵاتانی هاوپەیمانیان پشت ئەستوورتر بکات. شایانی باسە کە جەیحان لە جیرانەتیی پایگای ئەنجیرکیک دایە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بایەخێکی مەزنە و کەوتۆتە کۆشی تورکیاوە.

## ٣

### ئاسیای میانە و ململانی و زۆرانبازیی زلهێزانی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاوایی

ئاسیای نێوەڕاست، کۆمەڵە وڵاتانێک دەبەر دەگرێت کە خەڵکی زۆربەی ئەو وڵاتانە لە باری تەکنۆلۆژیاوە ئەوەندە پێشکەوتوو نین کە بتوانن کەرەسەی کارو ژیان بدەنە دەر. خەڵکانێکن لە وشکاییەکاندا دەژین و دەستیان بە دەریای ئازاد ڕاناگات. ئەوان یان بە پیشەسازیی دەستی سەرقاڵن ، یان لە سەر کانگاکان خەوتوون و لە فرۆشی ماکەی هەڵێنجراوی کانگەکانیانەوە کەلوپەلی پێویست دەکڕن. هەربۆیە وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست لە باری بازەرگانی، بەتایبەتی لە ڕوانگەی سیاسی و نیزامییەوە، بۆ وڵاتانی چین، ژاپۆن، ڕوسیا ، هندستان و، لە لایەکی ترەوە بۆ ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپی و تورکیا گەلێک گرنگن. گرنگایەتیی باری سیاسی ـ نیزامی و ئابووریی وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست ئەم

ڕاستییە دەردەخەن کە هەتا پلەی تەکنۆلۆژیاکەیان بەمجۆرە سەقەت بێ، ناچارن چاو لە ڕێی سەردانی میوانانی چلێس و تێر نەخۆریش ببن. لە نێوانی دوو لایەنی زۆر بەهێزی ئەم جیهانەشدا هێرشێکی نەرمی حەریری بەرەو ئاسیای میانە لە ڕێدایە؛ لە لایەکەوە چین، ژاپۆن و ڕوسیا، لە بەرێکی ترەوە ئەمریکا، ئیسراییل، تورکیا و وڵاتانی ئەوروپی بەرەو ئەو بەشە گۆشتە بەرێوەن کە لە ئاسیای ناوین دایە. سەرەنجام دەبێ لایەنێک لەم دوو لایەنانە بازاڕی فرۆشی وڵاتانی ناو براو بە دەستەوەی بگرێت.

ڕووسەکان جارێکیان ئەفغانستان کاول کرد، جاری دووەم (ناتۆ) خەریکە وێرانتری دەکات... عێراق لە دوو هێرشی(بوش)ی باوک و کوڕ دا، ئەوەندە وێران بووە، کە تەنانەت بایەقوشیش لە کەلاوەکانی دا هێلانەی ناکاتەوە... پاکستان مەیدانێکی فوتبۆڵە و، تۆپی (بۆمبای ئەتۆم)ی لە نێوان قاچی فاناتیزم و سکولاریزم دا هاوار و واویلایەتی... ساتالایتی جاسووسیی وڵاتانی زلهێز، مێروولەی سەر پشتی بن لادەن دەبینن، بەڵام بن لادەن هەرماوە و فیشەکەشێتەی ناتۆ لە (وزیرستان) دا چاوی چەکداری بن لادەن دەردێنن... ئازەربایجان لەوەتەی خۆی و پەترۆڵەکەی پێکەوە دە شاللوولەی هێڵی ترانزێتیی باکۆ - تفلیس - جەیحان (BTC)کراوە، ئیتر لە بەرامبەر تورکیادا دەمی وەک تەڵەی تەقیو پێکدا تەپیوە و تەنانەت ئاشت بوونەوەی تورکیا و ئەرمەنستان و، لە کیس چوونی (قەرباغ)یش، دەمی سکاڵای پێ ناکاتەوە .

ئەتمۆسفەرێکی کە ئاسمانی ئاسیای ناوینی داگرتووە، بۆنی شەڕ و بەرامەی خوێن و تەمی خەفەتی لێدێت. حاکمانی ناوچەکە لە ترسی دواڕۆژی نادیاریان، دەست بە داوێنی چەک کڕین و خۆ تەیار کردنن، بەڵام خەڵکی ئاسایی گوند و شارەکانی ئەم هەرێمە پان و بەرین و دەوڵەمەندە ، بۆ خۆ پاراستن لە ئاگردانی شەڕ، بە تێکڕا چاویان دە ئاسمان بڕیوە و پەنا بۆ پیرۆزییەکانی ناو کتێبە کۆنە ئاینییەکان دەبەن.

## لەمێژینەیی ڕیشەی ئایین لە تورکیادا

سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی(١٥١٧ ی زایینی)، دوای داگرتنی شام و میسر و عەرەبستان و دەستەمۆکردنی ئاخر خەڵیفەی ئیسلام لە میسر، نازناوی ئەمیری ئیماندارانی لە خۆی نا و، تورکیای عوسمانیش هەر لەو ڕۆژەوە هەتا داڕوخانی ئەو ئیمپراتورییە، وەک ناوەندی خەڵیفەگەریی ئیسلامی، باڵی زاڵی حاکمییەتی سیاسی - ئایینی - بازەرگانی بە سەر هەموو داگرتەکاندا کێشا. لە ماوەی ٧٠٠ ساڵی تەمەنی عوسمانییەکاندا، جگە لە بنەماڵەی(قورەیش)، کە دوای پێغەمبەر و چوار خەلیفەی(ڕاشیدین)، ئیمامەتی ئیسلامیان بەمافیماڵباتی خۆیان دەزانی، سەرجەم کۆمەڵگاکانی تری ئیسلامی سوننە ، شانازییان بە دەسەڵاتی ئیسلامیی عوسمانییەکان دەکرد .

ڕوخانی ئیمپراتوریای عوسمانی و سازبوونی کۆماری لاییکی تورکیا لە لایەن ئاتاتورکەوە، ئەگەرچی دیوانسالاریی ئیسلامی بە هەموو لایەنەکانییەوە تێک و پێک دا و، هەرچەند کە تورکیا لە جیرانەتی ئەوروپا دا بە گەلێک دەسکەوتی نوێ گەیشت، بەڵام ئەو داڕوخان و ئەم سازبوونە بۆ کۆمەڵگای جیهانیی ئیسلام وەک ڕۆژێکی ڕەش حیساب کرا. چونکە ئیمپراتوریای عوسمانی تاک هیوای کۆمەڵگەی ئیسلام و بڕبڕەی پشتی گرێدراوانی ئەو ئایینە بوو. بەتایبەت کە سەرکەوتنی ئیسلام لە شەڕەکانی دژ بە خاچدارانی ئەورپی و داگیرکردنی بەشێکی مەزن لە خاک و خەڵکی ئاسیا، ئەوروپا و ئەفریکا، ئەو شانازییە مەعنەوییە بۆ ئۆمەتی ئیسلام بە یادگار جێما ...

ئاسیای میانە یەکێک لەو مەڵبەندانە بوو کە پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی ئایینی - سیاسی و ئابوریی دەگەڵ عوسمانییەکاندا هەبوو. ئەو پەیوەندییە چەشنی خۆشەویستییەکی عارفانە و ڕەببانی

لێهاتبوو، کە یاد و بیرئانینەکەیی تەنانەت دوای داڕووخانی ئیمپراتوریای عوسمانیش هەر زیندوو ڕاگیرا .

لەناو تورکیاش دا باوەڕی ڕەگەز ئایینی ئەگەرچی نوایەکی تەنکی سکولاریزمی بەسەر داکشاوە ، بەڵام لە ناوەوەی کۆمەڵگا دا سکڵی ئاگردانەکەی چەشنی گڕکانی بە گوڕ، لە کوڵین و شەپۆڵ هاویشتن دایە .

سروود و گۆرانی ئایینی، سەمای مەولانایی، مزگەوت و تەکیەگە، شوێنی ڕاهێنان و پەروەردە کردنی بیری ئیسلامی، ئایدیۆلۆگانی وەک فەتحوڵڵا گولەن، ئەربەکان، جەمالەدین کاپلان، حسێن وەلی ئۆغلۆ، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و عەبدوڵڵا گویل، هەروەها لابی و گرۆپە دەوڵەمەندە چالاکە ئیسلامییەکانی تورکی لە سەرتانسەی جیهاندا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە بە هەموو دیکتاتۆرییەت و زەخت و گوشارێکی کە سیستەمی نیزامی تورک لە ژێر سێبەری ئاتاتورک، لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابوردوو دا دژ بە مزگەوت دەکاری هێناوە، نەیتوانیوە کێشەی ئایین یەکلا بکاتەوە.

## پارتی داد و گەشەپێدان (AKP)

پارتی( داد و گەشە پێدان (AKP، لە ساڵی ٢٠٠١ ی زایینی لە لایەن (ڕەجەب ئەردۆغان و عەبدوڵڵاگویل)ەوە دامەزرێندرا. شایانی باسە، دوو کەسایەتیی ناوبراو لە ئەندامانی حیزبی ئیسلامیی(فەزیلەت) و دواییش (رفاه) پارتی بوون. حیزبی (ئاکەپە)، ساڵێک دوای لە دایکبوونی وەک حیزبی پلەی یەکەمی تورکیا ناوی دەرکرد و توانی دەوڵەتێک پێک بێنێت کە لە زۆربەی هەرە زۆری نوێنەرانی ئەو دەوڵەتە لە ئەندامانی حیزبی داد و گەشەپێدان هەڵبژێردرێن .

لە ڕاستیدا، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و عەبدوڵڵا گویل دوو سەرکردەی قاڵبووی ناو کورەی ئەزموونێکی دوور و درێژی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی تورکیان، کە توانیویانە گەلێک هۆشیارانە و زانستییانە ئەو هۆکارانەی کە بوون بە مایەی سازبوونی دوو حیزبی (فەزیلەت و ڕفاه)، هەروەها ئەو دەرد و ئازارانەی کە دوو حیزبی ناوبراویان جوانەمەرگ کرد، بە وردی توێکاری بکەن و دەرەنجامێکی باشی لێ وەربگرن. چەرخی شەمەندۆفێری حیزبی ئاکەپە بە سەر ڕەیلێک دا دەخوشێت، کە چەرخەکانی بە ڕۆنی مێژوو چەور کراون و گەلێک بە ڕەوانی بەرەو پێش دەڕوات.

## چرای ڕابوردوو ، ڕوناکیی بەر پێی پارتی ئاکەپەیە

سیستەمی ئابووریی تورکیای سەردەمی کەمال ئاتاتورک بە شێوەیەکی بەستراوەوە و خۆماڵی و لوکاڵی بەڕێوە چووە، واتە بەڕێوەچوونێک بە بەرهەم و داهاتی ناوەوەی وڵات، بەبێ ئاڵوگۆڕ. لە تورکیای ئەو سەردەم دا کەرتی ئابووریی خۆماڵی ئەو هێز و دەسمایە گرنگ و زەنگینەی نەبووە کە لە پرۆسەی پیشەسازیی وڵات دا بێتە موتورێکی بەهێز بۆ سەربەخۆیی ئابووری. ئەم بارە نالەبارە وای لە تورکیا کردبوو کە بە پێی بەرنامەڕێژیی ناوەندەوە هەنگاو هەڵبگرێت و هیچ سەرمایە و کانگایەکی ماڵی دەورەوە ڕێگای نەبێ لە تورکیادا سەرمایە وەگەڕ بخات. لە ئاکامدا تورکیا لە ناو خۆیدا قەتیس مایەوە و کەوتە بەرەی وڵاتانی پێشنەکەوتووی پیشەسازی. ئاستەنگی هەرە قورسی سەر ڕێگای ئەم وەستانە، لایەنگرانی فەلسەفەی ئاتاتورک، بەتایبەت پارتی کۆماری گەل بوون کە هەتا ساڵی ١٩٥٠ ی زایینی لە ئەو پەڕی دەسەڵات دا بوون. بەڵام ساڵی ١٩٥٠، واتە دەگەڵ سەرکەوتنی پارتی دێموکراتی گەل بە سەرۆکایەتیی جەلال بایار و عەدنان مەندرێس و، کردنەوەی دەرگا بە ڕووی سەربەستیی ئایین، هەروەها پلورالیزمی سیاسی، بنەمای کۆمەڵگای تورکیا ئاڵوگۆڕێکی کاتی بەسەر داهات. حکومەتی دە ساڵەی پارتی دێموکراتی گەل لە تورکیا دا توانی گەلێک دەسکەوتی پۆزەتیف وەدەست

بێنێت، بۆ وێنە ڕێگا بۆ هاتنی سەرمایەی دەرەکی ئاواڵە بکاتەوە و پیشەسازیی پەترۆڵیی تورکیا بخاتە ژێر دەستی کەرتی تایبەتییەوە. ئەم بزواندنە توانی لە ناو بازەرگانان و خاوەنانی پیشەسازی و کەرتی تایبەت لە تورکیادا ململانێ و کێبەرکێیەک ساز بکات کە زەمینە خۆشکەری ڕەوتێکی خێراتر بێ بۆ گەشەی ئابووری. بەڵام گەندەڵکاریی ناو دەزگاکانی دەوڵەتی، نائارامی کۆمەڵگای تورکیایان بە دوا داهات و، هێزی نیزامی کە بە دوای دەفەتێک دا دەگەڕا، ساڵی ١٩٦٠ بە سەرۆکایەتیی ژەنەراڵ گورسەل کۆدیتایەکی سەرکەوتووانەی دژ بە دەوڵەتی عەدنان مەندرێس کرد. عەدنان مەندرێس و چەند هاوڕێی ئەو بە دار داکران و دیسان زەبر و زەنگی سەربازی بە سەر تورکیا دا گەڕایەوە .

شوێنەواری چاکسازیی ئابوری ، پلورالیزمی سیاسی و بەتایبەت پشکوتنی ئایین کە یادگاری حکومەتی دە ساڵەی عەدنان مەندرێس بوون، لە ناو کۆمەڵگای تورکیا دا هەر مابوون. ئەمانە و هەندە ویست و خواستێکی تازەتریش، دیسان چەشنە ململانێ و کێبەرکێیەکی سەردەمیانەیان ساز کردەوە، کە بەرەبەرە هەلومەرجێکی وەها لەباری ڕەخساند کە دەزگا و موئەسەساتی پیشەسازی و مەڵبەندە بازەرگانییەکان دیسان پشوویەکیان بێتەوە بەر. ئەم کێبەرکێیە لە بواری سیاسیدا، حیزبی (نەجاتی میللی (NSPلێکەوتەوە کە نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکایەتیی دەکرد. حیزبی ناوبراو ساڵی(١٩٧٠) دەستی بەکار کرد. ئەو حیزبە لەسەر بناغەی ئیسلامی سیاسی دامەزرێندرا بوو. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی نەجاتی میللی بریتی بوون لە کرێکارانی تورکی نیشتەجێی ئەلمانیا، هەروەها کرێکارانی کۆنفیدراسیۆنی ناوەوەی تورکیا. ئەو حیزبە لە ساڵی ١٩٧٣ دا، مەزنترینی ڕێکخراوەی کرێکارانی تورکیای هەڵدەسووڕاند .

نەجمەدین ئەربەکان زانایانە و زۆر بە دانستە چەمکی ئایینی بە دەستەوە گرت. لە ڕاستیدا ئایین ئامرازێک بوو کە دوو نیشانی پێ دەئەنگاوت؛ نیشانی یەکەم کۆ کردنەوەی پۆتانسیەلی بەهێزی پان تورکیزم ـ پان ئیسلامیزم بە دەوری حیزبەکەی دا و، ئامانجی دووەمیشی تێک شکاندنێکی نەرم و نیانی بڕبڕەی پشتی دینامیزمی کمالیزم بوو کە ئاستەنگی سەر ڕێبازی گەشەی ئابووریی تورکیا دەناسرا. هەر دوو ئامانجی نەجمەدین ئەربەکان بۆ نەجاتی سیستەمی ئابووریی تورکیا و دەرگاکردنەوەی سیاسەتی ئابوری بە ڕووی جیهاندا بوو .

## ٤

## ئاکەپە هەڵگری چ سیاسەتێکە و شێوەی بەڕێوەبردنی چلۆنە؟

نما و ڕواڵەتی ئایین لە تورکیای ئیمڕۆییدا هەر چلۆنێک بخوێندرێتەوە و لە هەر لایەکەوە توێکاری بکرێت، هەر ئەو ئیسلامە کلاسیکییەی لێ بەدی دەکرێت، کە سەردەمی عوسمانییەکان تێکەل بە مێشک و باوەڕی خەڵکی دینداری سەر بە ئایینزای سوننەوە کرابوو .

لە ڕاستیدا، دینی ئیسلام لە حکومەتی سیاسی ـ سەربازی ـ بازەرگانیی عوسمانییەکان دا تێکەڵ بە تورکایەتی کرابوو و وەک سیستەمێکی بەستراوەوەی لێهاتبوو. واتە ڕەگەزێک بە گورز و گۆپاڵی سیاسیی خۆیەوە پشتی چەندین ملیۆن مرۆڤی سەر ئەم جیهانەی بە چەشنێک نەرم کردبوو، کە دەکرا تووی پێ وەربکەی و دای بچێنیت. بە وتەیەکی ڕەوانتر، دین و دەسەڵات و بەرژەوەندیی مادی دەگەڵ ڕەگەزی تورکایەتی لێکدرابوون کە جیاکردنەوە و لێک هەڵاواردنیان شۆڕشێکی درێژخایەنی کولتووریی پێویست بوو، کە قەت قەت نەکرا. ئەگەر بڵێم هەر خودی ئاتاتورک مەزنترین خزمەتی بە پان تورکیزم ـ پان ئیسلامیزمی تورکیا کرد، ئەوەندە تاوانبار نابم کە بۆ لۆمەکردن ببم، چونکە دیکتاتۆڕییەتی ئاتاتورک بۆ سازدانی دەوڵەتێکی تورک نەتەوەیی ، ئەم خزمەتەشی بە پان ئیسلامیزم کرد کە لە ژێر خێوەتی پان تورکیزمدا، پیرۆزییەکانی دینی بە دەست لێنەدراوی بمێنێتەوە .

گەلێک بە دوور لە ڕاستییەکانی زانستی دەبێت کە دوو چمکی جۆشدراوی ئینسانی، کە ڕەگەز و ئایین بن، بکەوێتە ژێر چەکوش و دزگا و، تەنیا یەکێک لەوان پۆشتە و پتەو، بە ساغی بکەوێتە سەر دەستان و ئەوی تریان بە یەکجاری بمرێت و نەمێنێت .

لە بەشی سێیەمی ئەم بابەتە دا باسی حکومەتی جەلال بایار و عەدنان مەندرێس، هەوەها لە سەردەمی ئێستایشدا ئاماژە بە دەوری ئایدیۆلۆگانی وەک فەتحوڵلا گولەن، نەجمەدین ئەربەکان ، جەمالەدین کاپلان، حسێن وەلی ئۆغلۆ، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و عەبدوڵلا گویل کرا. هەر چەخماغەیەک کە ئەم کەسایەتییانە تریشقاندیان، بۆمبای بەشێک لە کۆمەڵگای تورکیای دەگەڵ تەقینەوە. تەنانەت ئەو تورکانەی کە دوای دوو شەڕی جیهانی نیشتەجێی ئەلمانیا ببوون و وەک شارۆمەندی ئەورووپی دەژیان، باشتر و گەرمتر تەقینەوە.

ئەردۆغان و گویل، دوو ئەندازیاری کارامەی بە ئەزموونن کە حیزبەکەی خۆیان لە نێو جەرگی خواست و ویستی(پان تورکیزمی ئیسلامی) هەڵێنجا. هەر لە دەسپێکدا سیاسەتی سازان و چاران دەگەڵ خەڵکیان گرتە بەر و، لە سای ئەم سیاسەتە نەرم و نۆڵە دا ڕێگای پەرلەمان و گەیشتن بە حکومەتیان دۆزییەوە. ڕەوشێکی کە دوو سیاسەتمەداری ناوبراو گرتوویانەتە بەر، لە ڕاستیدا خوڵقاندنی هەل و دەرفەتی پێویستە، بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەت و بە ئامانج گەیشتن.

حیزبی ئاکەپە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوو دا دەوڵەتێکی پێکەوە ناوە، کە بەرنامەی کار و خەباتەکەی لە سەر ئەساسی گرێدراوی بە ئایینی ئیسلام، تێکەڵاوی بە بازاڕی ئازاد، ئەندامەتی لە یەکێتیی ئەورووپی، لایەنگری لە جیهانی ڕۆژئاوا و سەرەنجام جیگا خۆشکردنێکی تایبەتیی لە نێوان عالەمی ئیسلام و جیهانی سوود و سەرمایە دا. لەم ڕێبازە دژوارەش دا ڕۆنی سەگ و پیوی مانگا و بەزی بەرازی لە خۆی هەڵسووتووە و هەموو ئەزموونەکانی کتێبی سەرکەوتنی کردۆتە چرای ڕێگای خەبات .

**عەسکەتارییەتی تورکیا و مەترسیی داپلۆسین**

سەرانی هەرە سەرووی ئەرتەشی تورکیا ئەگەرچی لە باری مادی، هیچ کەمایەسییەکیان نییە و پشتیوانە و ئەسپارەکانی بانکی و، ملک و ماڵی دەر و ژووریان بەشی حەوت پشت ئەولاتریشیان دەکات، بەڵام زۆر وردبینانە سەیری هەڵسوکەوتی (AKP) دەکەن. حکومەتی ژەنەڕاڵەکان، وەک پرەنسیپ، هێڵێکی سووریان هەیە کە ئەگەر باڵندەش بە سەر ئەو هێڵە سوورە دا تێپەڕ ببێت، بەبێ ترس لە باڵی دەخەن. دەمەوێ بڵێم کە ژەنەراڵ سالاریی تورکیا ئەوەندەش خەشێمێکی خاو نییە کە گورزی داپلۆسین و کۆدیتا و یاساغکردنی حیزبەکانی لە دەستووری خۆیدا نەهێشتبێت. سیستەمی نیزامی تورکیا لە هەمان کات دا کە بار و دۆخی سەردەم دەناسێت، بەڵام سوورە لە سەر ڕاگرتنی پرەنسیپی هێڵی سووری خۆی.

دیارە ئاخ پارتیش حکومەتی ژەنەراڵەکانی دڵنیا کردۆتەوە کە بەرژەوەندیی بەرزی تورکیای مەزن لە سەرووی هەموو پیرۆزییەکان دایە. لەمێژە پاکەتی قەول و قەراری ئاخ پارتی لە سەر مێزی حکومەت داندراوە و بەڵێن دراوە کە لە ڕاو ڕاوێنی ئەمریکا دا هەموو ئاواتەکانی تورکیای مەزن مسۆگەر بکات. تەنانەت کێشەی کورد کە بە ملیارد دۆلاری بە فیڕۆ داوە، لە ژێر سێبەری سیاسەتی خۆیان و شەڕی ئەرتەش دا بنەبڕی بکات.

ژەنەراڵەکان باش دەزانن کە شەڕی دوور و درێژی دژ بە کوردان، نە تەنیا هیچ دەسکەوتێکی پۆزەتیڤی نەبووە، بەڵکە لە گەرمەی شەڕی شاخدا، نوێنەری کوردەکان لە پەڕلەماندا زیاتر بوونە و لە

بەڕێوەبەرایەتیی شارەکانیشدا سەد شارەداریان ئەستاندووە. هەر وەها ئەمەیشیان بۆ ڕوون بۆتەوە کە پاکەتی ئاخ پارتی لە شەڕ و سیاسەتی دژ بە کورد دا سەرکەوتووتر دیارە.

## پاکەتی (AKP) ، چی تێدایە؟

ئەگەر بۆ یەکجاریش بێت، با دەوسیەی پەیوەندی و دەستەبرایەتیی تورکیا و ئیسراییل پێکەوە هەڵدەینەوە با بزانین ئەو هەڵسوکەوتەی کە ڕەجەن تەییب ئەردۆغان لە ژۆئەنی ٢٠٠٩ و لە کۆنفەرانسی داڤۆس(Davos Konerens)دا نیشانی جهانیانی دا، چەندە دەگەڵ ڕاستییەکان یەکتر دەخوێنێتەوە .

ڕەجەب تەییب ئەردۆغان لە کۆنفەرانسی داڤۆس دا، ئیسراییلی وەک تاوانباری مەیدانی شەڕ ناوبرد و (شیمۆن پرەز)ی وەک بکوژی ئینسان ناوزەد کرد. تەنانەت بۆ چەسپاندنی لایەنگریی لە (غززە)ی بۆمباران کراو، بە تووڕەییەکی شانۆگەرانە، ژووری کۆنفەرانسەکەی جێ هێشت و ڕۆیی. لەو دەمەدا، ئەردۆغان پێی وابوو کە پەیوەندییەکانی نهێن و ئاشکرای تورکیا و ئیسڕاییل لە ناو قفڵ و کلیل دایە و کەس پێی نازانێت .

ئەگەر من لە جیاتی شیمۆن پرەز بوامایە، بێشک لێی دەر هەڵدەبووم و دەمگوت ئەی ڕەجەب ئەردۆغانی سپلەی پێ نەزان، مەگەر ئەوە هەر ئەم ئیسراییلە نییە کە دوو مانگ بەر لە ئێستا، ١٠ دانە فڕۆکەی جاسووسیی (Heron TP)بێ فڕۆکەوانی بە تەکنیسیەنەوە بۆ ناردی؛ نیشانمان بەو نیشانە بێت کە ئێستایش پارەی فڕۆکەکانتان لە پێ داماوە. تەنانەت هەرکە فڕۆکەکانتان لە ئێمە وەرگرت، دوو لەو فڕۆکانەشمان بۆ سەر قەندیل ڕەوانە کردن و گەلێکمان جەژنانەش بە سەر چیاکاندا باراندن. بەڵام نە من بە شیمۆن پرەز دەبم و نە ئەویش وەک من بێ چێکڵدانەیە کە بە کەوچکە ئاوێک بکەوێتە مەلە کردن. ئەو بۆیە ئەم فڕۆکە بێ فڕۆکەوانانە بە تورکیا دەفرۆشێت، کە هەر یەک لە ئەو(هێرۆنانە)، بە ماوەی ٣٠ کاتژمێر و بە خێرایی ٢٢٥ کیلۆمەتر لە سەعاتدا بتوانن بفڕن و ماڵی کوردی هەژار خاپوور بکەن. ئەگەر ئەمە نەکەن، خوێنی کورد و تورک و عەرەب و فارس نابێتە دەرمانی حەسانەوەی ئیسراییل .

لە پرۆژە و پاکەتی ئاکەپە دا هەوڵێکی شێلگیرانەی ژیرانە هەیە، کە مەبەستی سەرەکییەکەی کۆنترۆلی سەرمایەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیای میانەیە و، دواتریش تێک لکاندن و بەند و پەیوەست کردنیانە بە کلکی کاپیتالیزمی جیهانی. ئەم پرۆژەیە دەرمانێکی هۆشبەرە و، چەکی جگەربڕ لە دەستی سەرمایەداری سەرەڕۆی ناوچەکە دەر دێنێت و دەیکاتە پاشکۆیەکی کزۆڵی ملکەچ. شایانی باسە کە باکووری عێراقیش مەڵبەندێکی دەستنیشانکراوە لەم پرۆژە و پاکەتە دا و ئەگەر لێم نەگرن و لێم تووڕە نەبن، دەتوانم بڵێم تیرێکی ئاخریشە کە لە گاژەڵەی سەری کورد دەدرێت .

## کاپیتالیزمی جیهانی لە کوێ و، تیری ئاخر بۆ کوردی کوژراو لە کوێ؟!

پرۆژە و پاکەتی ئاکەپە، لە مێشکی ئایدیۆلۆگێکی پسپۆڕ هاتۆتە سەر لاپەرەی سیاسەتی سەردەم، کە خۆی وەزیری دەرەوەی تورکیایە و بە پرۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغلو ناسراوە. پرۆژەی داود ئۆغلو لە لایەکەوە سەرجەم بەرژەوەندییەکانی ئیسراییل، ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپی لە سەر چاوان دەستەبەر دەکات و، لە لایەکی تریشەوە وڵاتەکەی خۆی کردۆتە دایکێکی جگەرسۆزە و دەست و داوێنی ئەو دایکەی لە بەر خێر و بەرەکەتی وڵاتانی ئیسلامی و تورک ڕاگرتووە؛ خێر و بەرەکەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیای میانە لە ڕێگای تورکیاوە دەڕژێنە ناو خەزێنەی کاپیتالیزمی جیهانی و تورکیاش دەستخۆشانەیەکی باش وەردەگرێت .

ئەم گەڵاڵە و پرۆژەیە لە ئەگەری سەرکەوتنی دا، ڕەنگە بتوانێت ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە کاپیتالیزمی جیهانیی تاساندووە، نەختێک ئەهوەنتری بکاتەوە و لە ئاکامدا هەناسەیەکی ئارام بخاتەوە ناو هەناوی زلهێزەکانەوە .

پێدەچێت کە کاپیتالیزمی جیهانی بۆ تاقیکردنەوەی ئەم پرۆژەیە هیچ چین و چرووکێک نەخاتە نێوچاوانی و چەشنی ئاوی ژیان هەڵی لووشێت. هۆی ڕەزامەندیی زلهێزەکانی هاوپەیمانی تورکیا بۆ دەکارهینانی پرۆژەی ئاکەپە، لەمە دا خۆ دەبینێتەوە کە ناتۆ لە زۆر شوێنان تووشی ناکامی هاتوە. هەر تەنێ ئەمریکا لە شەڕی ئەفگانستانی هەتا بە ئیمڕۆی دا، بڕی ٦ ملیارد و ٨٠٠ملیۆن دۆلاری مایە داناوە و تەنانەت هەنگاوێکیش بە ئامانج نەگەیشتووە .

تورکیا بە وردی لە دەرد و ژانی ئەمریکا بە ئاگایە و سوور دەزانێت کە ئێران و حیزبوڵڵا و حەماس لە شەڕی لبنان دا ئیسراییل و ئەمریکایان بەزاند. لە عێراق و ئەفگانستانیشدا، ئێران خەوی لە ناتۆ حەرام کردووە و ئەمریکای بە چۆک داهێناوە. هەربۆیە پرۆژەی ئاکەپە ئەگەر لە لایەن وڵاتانی هاوبەرژەوەندەوە چەرخی چالاکیی بخرێتە ژێر، دەتوانێت ئێران، تەنانەت بگرە ڕووسەکانیش بخاتە پەراوێزێکی سەخت و دژوارەوە .

بەڵام بە پێی بۆچوونی پسپۆڕان و ئەندازیارانی تەکنیکی نیزامی لە تورکیادا، مڵۆزمێکی کە لە سەر ڕێگای ڕەوڕەوی پرۆژەکە دا ئاستەنگە و ڕەوتی ڕەوانی هەر چەشنە پێشکەوتنێک ستۆپ دەکات، ئەو نائارامی و شەڕی بەردەوامی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، عێراق و تورکیایە کە لە سێ سنووران دا یەکانگیری یەکترن. بۆ وێنە، ئەوەتا لە هێرشێک دا کە کرایە سەر هێڵی نەوتی باکۆ ـ تفلیس ـ جەیحان (BTC)، تەقینەوەیەکی لە هێڵی نەوتی ئەورووپا دا پێکهانی کە زیاتر لە ٢٠ هەزار تۆن(تەن) نەوتی خاوی فەوتاند و، کاری ڕاگوازتنی نەوت بۆ ئەورووپایشی بۆ ماوەیەک ڕاگرت. تەقینەوەکە بە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان دا ساغ کرایەوە .

لە پرۆژەی ناو پاکەتی ئاکەپە دا تەنانەت چارەسەریی کێشەی سێ سنوورانیش بە خەست و خۆڵی باسی لێ کراوە و چارەسەرکردنی کێشەی کوردیشی گرتۆتە ئەستۆ. چارەسەریی کێشەیەک کە دەقاودەق دژی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری تورکیایە. کێشەیەک کە هەر تەنێ ناو بردنەکەی کێشەیەکی ماڵوێرانکەرانەی بە دوا دا دێت. چونکە دژی هەموو پرەنسیپ و دەستوور و ئەخلاق و ئاکاری تورکایەتیی تۆخی کۆماری تورکیایە. بەڵام دەنگی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە پەرلەمانی تورکیا دا ئەوەندە بە گەرمی باسی لێوە دەکرێت و دەمەتەقەی هەر هێندە سەیر و سەمەرەی لەسەر ساز دەبێت، کە مرۆڤی نۆرماڵ دەخاتە گومانەوە و پیاوی پشت پانی بەرژەوەند پەرەستیش دێنێتە سەر هەوای هەڵپەڕین و جرپ و جۆپەوە.

بەڵام ئەگەر پشوودرێژانە و لە بنەوە ڕا بیخوێنیتەوە، گەڵاڵەی ئاخ پارتی نە لەبۆ کوردە، نە بۆ ئیسلامە، نە بۆ هەژارە، نە بۆ کرێکارە و، دەربەست لە خزمەت چارەسەرکردنی قەیرانی ئابوریی کاپیتالیزمی کۆست کەوتووی بریندار دایە. گەڵاڵەیەکی نوێیە کە پێغەمبەرێکی بلیمەتی تورک بە ناوی ئەحمەدی داود ئۆغلۆ، کارساز و داڕێژەرێتی .

لە یەکەمین هەنگاوی پرۆژەی داود ئۆغلو دا بۆ کوردی کێوی، پلان بەمجۆرەیە کە تەلەڤیزیۆنی ئاسمانی Trt)٦ (ببێتە زمانی حاڵی گەلی کوردی باکووری کوردستان، ڕێزدارانی وەک شەرەفەدین ئاڵچی و کەمال بورقای، لە جێگای بەڕێزان ئاپۆ و ئەحمەد تورک بێنە مەیدانەوە. ئەودەم حیزبی کۆمەڵگای دیموکراتی، پارتی کرێکارانی کوردستان، هێزی گریلایی، ڕێکخراوەی ئاشکرا و نهێنیی، لایەنگرانی گوند و شارەکانی هەر دوو حیزب، (ڕۆژ تیڤی)، موئەسەساتی سەرکەوتووی هەر دوو حیزبی (DTP)و (PKK) خۆیان کۆ بکەنەوە و ڕادەستی تورکیا ببنەوە. ئەمە ئەو فیلمنانەیە کە قەرارە ببێتە گوللەی ئاخرین و لە کاژەڵەی سەری کوردی کوژراوی سێ سنووران بدرێت .

## ٥

### دوورەنوێنی ئەم ساتوسەودایە  چییە و چونە ؟

شەڕە زێڕینگەرانەی پەرلەمانیی تورکیا، کە لە نێوان ئەرتەش و دوو حیزبی (MHP)و (CHP)دژ بە (AKP)لە ئارا دایە، هیچ مانا و واتایەکی نییە، جگە لەوەی کە هەر سێ حیزبی ناوبراو دەگەڵ هێزی نیزامی تورکیا پێکەوە سازاون. شانۆنامەی سەر ئەکرانی ئەمجارەی تورکیا، چەشنە بازاڕگەرمییەکە بۆ گەوج کردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگای ئارەزوومەندی کوردی عاشق بە حەسانەوە .

ئەگەر پلانی پڕلە پیلانی پان تورکیزمی نوێ، کە ڕۆڵی دەڵاڵی بەر دەرگای هینەکەی کاپیتالیزم دەبینێت سەرکەوێت و، ئاواتی سەوداگەریی خوێن و فرمێسکی بۆ وەدی بێت، ئیتر حەسانەوەیەک نامێنێت کە کوردی داماو خەونی پێوە ببینین.

لە جێیەکی کە قانوونی ئەساسیی وڵاتی تورکیا دژ و گرژی مەسەلەی کوردە و بە هیچ جۆرێک ئامادە نییە ناوی کورد بە زمانی قەڵەمیش دابێنێت، چلۆن دەکرێ سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتە بە بێ ئاڵوگۆڕ و دەست تێوەردانێک لە قانوونی وڵات دا، ڕێ بە ئەردۆغان بدرێ کە گاشەبەردێکی خڕی تۆپەنەی سەد هەزار کیلۆیی بخاتە سەر لێژێکەوە و یاسای تورکیاشی لە سەر ڕێگای دابنێت؟ مادام لە قانوونی ئەساسیی تورکیا دا ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی پۆزەتیڤ نەکرێت و بەبێ پێچ و پەنا ، بوونی کورد و مافی دێموکڕاتیکی ئەو گەلە نەنووسرێت، تەنانەت ئەگەر ئاتاتورکیش سەر لە گڵکۆ بێنێتە دەر و بەڵێنی ئەردۆغان دووپات بکاتەوە، بێشک درۆیە و بەهیچ جۆرێک دەگەڵ قانونمەدنیی جیهانی سەردەم یەکتر ناخوێننەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەم واقعییەتە تاڵەش کە پرۆژەی نوێی کاپیتالیزم خەریکە گورزی هەرە کاریگەر لە جەستەی هەزارانەی گەلانی ناوچەکە بدات، جێی گریان و پێکەنینە کە گەلێک سیاسەتباز و گەلێک سەرۆکی کوردی، لە کاتی دووپاتکردنەوەی دیزە بە دەرخۆنەی پرۆفیسۆرانی دەروون ڕەشی تورک دا، زۆر بە شانازییەوە مزگێنی گەیشتنی ڕۆژی گەشی بەختیاری کورد بە هەموو لایەک دا بڵاو دەکەنەوە. خۆ ئەگەر لە ناخی پرۆژەکە خورد بیتەوە و دەستی نووسەرکەی بخوێنیتەوە، بەم واقعییەتەش دەگەی کە سیاسەتبازان و سەرۆکانی کورد لە خۆوە خۆشحاڵی دەربنابڕن و مزگێنی بە یارانیان نادەن کە بەڵێ ڕۆژی گەشی پڕ لە بەختیاری نزیکە لە ئاسۆ دەرکەوێت. بەڵێ ئەوان لە دەق و ناوەرۆکی پرۆژەکە ئاگادارن و لێی شارەزان کە لە ئاخری ئەم چیرۆکە دا کێیانێک بە کوڵ دەگرین و چ کەسانێک پێی دەگەشێتەوە .

لە باکووری عێراق دا حکومەتێکی توکمە و تەواو دامەزراوە. لەو حکومەتە دا، خاوەن سەرمایە بەندۆخینی پرۆسەی پساندووە و لە ماوەیەکی کەمدا گەیشتۆتە پلە و پایەیەک، کە شان لە شانی سەرمایەی جیهانی دەخشێنێت. ئەو سەرمایە تازە پێگەیشتووە، خاوەنی موئەسەسات، ئەرتەش، بانک، کانگای نەوت، شەریکەی دەوڵەمەند، ڕاوێژکاری کارا و گەلێ شتی تریشە. هەروەکی گوترا، سێ قاچی فەلسەفەی پرۆژەی داود ئۆغلۆش لە سەر ئەم سەودایە دەسووڕێتەوە کە سەرمایەداری چاو نەپشکوتووی سەرەڕۆی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیای ناوین کۆنترۆڵ بکات و لە ئاخر سەر دا بیان لکێنێت بە کلکی کاپیتالیزمی جیهانییەوە؛ سەرمایەدارانی باکوری عێراق کە لە ناو خەلک دا بە دەگمەنن، بەڵام لە سەرکردایەتیی سیاسی دا بەرچاون، گەنجترینی کوڕەزای ئەو خانەدانەن و باوەفاترینیشیانن.

لە دەمی کرانەوە و سەرکەوتنی پرۆژەی داود ئۆغلو دا، حکومەتی حیزبی لە باکووری عێراقدا هەر سەردار و موختار دەمێنێتەوە، بەڵام ئیتر بەغدای پێتەخت وەک ناوەندێکی بەهێزی سیاسی ـ نیزامی دەبێتەوە سەنتەری نیزامی ـ قانوونی ـ سیاسیی عێراقی یەکپارچە. عێراقێکی کە دەگەڵ دوو شێخ نشینی باکووری وڵات دەتوانن بە ئەرخەیانی قاچ ڕابکێشن و برادەرانە بە پێپیلکەی مێژوودا هەڵبچن.

بەڵام ناشی ئەمەش لەبیر بکەین، کە زۆربەی نووسینگەی سیاسی، ئابووری ـ نیزامیی وڵاتانی جیهانی، هەروەها کۆمپانیای پیشەسازی و شەریکەی بازەرگانی و موئەسەساتی دەرەکی خاکی هەولێری پایتەخت جێ دەهێڵن و لە بەغدای نێوەندی عێراقی یەکگرتوو جێگیر دەبن. بۆشاییەکی کە ئاکامی کۆچکردنی ئەو موئەسەساتە لە کوردستان دا دەمێنێتەوە، سارێژی و پڕ بوونەوەی گەلێک بە ژانە .

**دوایین کەلام!**

کاتێک بە کتێبی مێژووی مرۆڤ دا دەچیتەوە، ژیانی مرۆڤی سەرەتایی و بەڕێوەچوونی ئاژەڵ یەکسان دەبیندرێت. ئینسان و ئاژەڵ بۆ وەرگرتنی (وزە) بۆ بەردەوامبونی ژیان، ناچار بوون بە شوێن دەسکەوتیک دا بگەڕێن کە هیچ نەبێ ، ئەو دەمە ژەمە بدۆزنەوە و کێشەی برسیایەتیی پێ چارەسەر بکەن. بەڵام مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە ئەم جیاوازییەی نیشان داوە کە لە سای مێشکی بەرەو گەشەیدا دەتوانێت بگرێت و ڕاگرێت و پاشەکەوتی بکات. واتە تەنیا بوونەوەرێکی کە توانیوێتی پەت و گوریس ڕابنگێوێت و جیهانی لێ بار بکات، هەر ئەو مرۆڤە بووە کە ئێستا چاو نەزێرتر و دڕتر و هارتریشە.

مرۆڤ لە ڕێگوزاری مێژووی هەزاران ساڵەی خۆیدا دەور و سەردەمانێکی تێپەڕاندووە، قۆناغی کۆنی جێ هێشتووە و قۆناغی نوێی بڕیوە. لە تێپەڕاندنی هەر دەور و سەردەمێک و، بۆ گەیشتن بە قۆناغی نوێ، بە ملیۆنان ئینسان بە دەستی ئینسان تێدا چوونە .

بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی زانایانی مەزنی کۆمەڵناسی و ئابووریزانان، دەبوایە لە ئاخر سەردەمی کاپیتالیزم، کە گنخاوی و پەڕپووت بوونی لێ وەدەر دەکەوێت، سۆسیالیزم بگاتێ و ڕەوتی مردنی پیرە کەمتیاری کاپیتالی خێراتر بکات و جێگا بۆ کمونیزم خۆش بکات. شیاوی ئاماژەیە کە زانایانی مەزنی کۆمەڵناسی و ئابووریزانان، باوەڕمەندییەکی تەواویان بە پرۆسە هەبووە. واتە لە دەمی گەندەڵ بوونی کاپیتالیزمدا، قەت پێیان وا نەبووە کە یەکشەوە کمونیزم و هەژەمونییەکانی دیکتاتۆرییەتی پرولیتەری بگەنە جێ و بۆ پیرە کاپیتالیزمی مردوو، فاتیحای ئاخر دابدەن. بەلکە سۆسیالیزمیان وەک دەورەیەکی خۆش تێپەڕ ، بە بەرهەق زانیوە کە بێت و زەمینەیەکی لەبار بۆ جێگرتنی کمونیزم ئامادە بکات. بەداخەوە لێنینی مەزن هات و یەکشەوە سۆسیال دێموکراتی ڕوسی، کە لە دەور و بەری چاڵە نەوتینەکانی ئازەربایجان گیانی هاتبوویە بەر، کراسی سووری حیزبی کمونیستی دەبەر کرد و شێواندی.

دەڵێن: مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستۆی کمونیستدا گوتویانە، کە کاپیتالیزم ساختەکار و چاوبەستە و لە هەر دەور و سەردەمێکدا خێوەت و بارەگای خۆی ئاڵوگۆڕ پێدێنێت. هەربۆیە، ئەرکی سەرشانی تێکۆشەرانی ڕێبازی شۆڕشی چینایەتییە کە دەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی ئەو دا، شێوەکاری خەباتی خەباتگێڕانیش بگۆڕدرێت. ئەگەر ئەم وتەیە هی مارکس و ئەنگڵسە، ڕەحمەت لە گۆڕیان بێت. چونکە مانای ئەم کەلامە ئەوەیە کە کمونیزم نابێ ڕێچکەی ئایین بگرێ و جیهان تەنیا لە دوو ڕەنگدا ببینێت.

بەداخەوە کمونیزمێکی کە خولیا و ئاواتی سەرجەم چەوساوەوە و بندەستانی سەر ئەم جیهانە بوو، یادگاری ئێستاکەی وڵاتانی چین، ڤیەتنام، کوبا و ئەرژەنتینایە کە هەر هەموویان سەری کرێکار و چەوساوە و بندەست بە تەنەکەی ژەنگاوی دەبڕن.

بەرەی کاپیتالیزمیش بە ئاشکرا دیارن کە لە جیهاندا دێوی شەڕ و دێوەزمەی مرۆڤ کوشتنن. لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە دا شەڕ و ئاژاوەیەک هەڵاییسێت، دەستی ئەوان، چەکی ئەوان و کارگێڕی ئەوانە شەڕ دەکات و تێرۆر دەکات .

دەڵێن شەڕی ئەم سەردەمە لە سەر سووتەمەنی و ئاوە. ئەوانەی کە کانگای سووتەمەنی و ئاویان لە ژێر پێ دایە، دەبێ بەختەوەر بژین. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم وتەیە لە هەموو شوێنێک و لە هەموو وڵاتانی جیهاندا جلکی واقعییەت ناپۆشێت. سووتەمەنی و ئاو لە کوردستاندا هەیە، بۆیە بۆتە ئامانجی ئاخرین تیر و خەریکە فاتیحای ئاخرینی دەخوێندرێت.

کوشتنی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی کۆمەڵگای دێموکراتی، ئەهوەنی و ئاراموشێک بۆ تورکیا و هاوپەیمانانی پێکدێنێت و دەتوانن بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بە ئۆپەراسیۆنێکی نەرمی حەریری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چەشنێک لەبار بەرن، کە ناوەکەی بمێنێت، بەڵام وێنە و نموونەیەکی دەقاودەق بێت لە حکومەتی شێخان و ئاغاوەتانی سەدەکانی ناوەڕاست؛ تێیدا چەند بنەماڵە سەریان دەگەڵ هەسێرەکانی ئاسمان جووت و یەکانگیر بێت و، زۆرایەتییەکی زۆری خەڵکیش کرێکار و کۆیلە و چاو لە دەست بن .

**دوو ساڵ دەستی یەکێتیی گەلم بدەنێ، من بە دوو مانگان سەرکەوتنتان بۆ مەیسەر دەکەم. مەهاتما گاندی**

**کۆتایی**
**بە ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە . کەریم دانشیار**
**سێیەمی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩**